دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٧٤١، شەممە ١٥ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی، ٥ی ژانویەی ٢٠١٩

www.kurdistanmedia.com

## پەیامی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی سەری ساڵی نوێی زایینییەوە

بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی حەزرەتی عیسا مەسیح و جێژنی سەرەتای ساڵی نوێی زایینییەوە، پیرۆزباییی گەرمی خۆمان پێشکەش بە مەسیحییەکانی جیهان و بەتایبەت خۆشک و برا مەسیحییەکانمان لە کوردستانی ئێران دەکەین.

ئاواتمانە ساڵی ٢٠١٩ ساڵێکی پڕ لە خۆشی و ئاشتی بێت بۆ هەموو لایەک.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

لێپرسراوی گشتی

مستەفا هیجری

٢٩ی دێسامبری ٢٠١٨



دەقی وتەکانی مستەفا هیجری لە کۆبوونەوەی تەشکیلاتی ئاشکرا... ٤



پرسی زمان لە کۆماری کوردستان ٦



تەنیا خۆمان بەرپرسیارین لە ئاست... ٩



وتوویژی کوردستان ١٠

### پەیڤ

## خەیانەت و سیاسەت

**کەریم پەرویزی**

سیاسەت لە مێژوو و ڕەوتی بەرەوپێشچوون یان شکستی نەتەوە و گەلانی جیهاندا، پێناسە و سیمای جۆربەجۆری بە خۆوە گرتووە و لە قۆناخی جیاوازی مێژووییدا بەپێی دۆخ و خوێندنەوەکان پێناسە و لێکدانەوەی جیاوازیان بۆ چەمکی سیاسەت هەبووە.

لە مێژووی ئێران و بەتایبەت مێژووی هاوچەرخیشدا، نەتەوەکانی نێو جوغرافیای ئێران بە جۆرێک لەگەڵ چەمکی سیاسەت بەرەوڕوو بوون کە لە دەیەکانی ڕابردوودا سیاسەت لای نەتەوەکانی ئێران، وەکوو چەمکێک بۆ درۆکردن و فێڵ لە یەکدی کردن بەکار هاتووە و ئەوەش پاشخانی مێژوویی خۆی هەیە کە هەم لە ئەدەبیاتی کۆنی فارسیدا سیاسەتباز بە کەسێکی فرتوفێڵاوی ناوبراوە و سیاسەت لای حاکمان بریتی بووە لە بەکارهێنانی مرۆڤەکان و دوایە فڕێدانیان! لە سەدەی ڕابردووشدا لە دەرباری قاجار و پاڵەویدا فرتوفێڵەکانی ڕووس و ئینگلیس دیارن و بەناوبانگ و بۆیە سیاسەت لە ئێراندا بۆتە درۆکردن و فێڵبازی!

بەڵام لە پێناسەی زانستی و بە دیدێکی ڕیئالەوە، سیاسەت بریتییە لە کەڵک وەرگرتن لە هەموو ئیمکان و تواناکان بۆ وەدەستخستنی بەرژەوەندیی گشتی و پێشڤەچوونی کۆمەڵگا. هەربۆیەشە کە دەوڵەتان وەکوو ئەکتەرەکانی گۆڕەپانی سیاسەت، هەوڵی وەدەستخستنی زۆرترین بەرژەوەندی بۆ وڵاتی خۆیان دەدەن.

بەڵام سیاسەت لە دیدێکی عاتفی و ئیدئۆلۆژیکەوە بریتییە لە دەروەستی بەرامبەر بە ئیدەیەک و زۆرتر لە ڕوانگەی هەست و دەروەستی و پێبەندییە ئیدئۆلۆژیکەکانەوە چاوی لێ دەکرێ. هەربۆیەشە کە هێزی کوردی لە ڕەوت و قۆناخی مێژووییدا زۆرجار هەستی کردووە کە دەوڵەتان خەیانەتیان پێ کردووە!

خەیانەت لە عاتفە و پێوەندییەکی هەستەکی یان ئیدئۆلۆژیکدا دێتە کایەوە، لە ڕوانگەیەکی ڕیئال و هاوسەنگیی هێز و ئاڵووێری دەسکەوت و بەرژەوەندیدا ئیدی شتێک بەناو خەیانەت بوونی نییە، ئەوە تۆی کە بەرژەوەندییەکانی خۆت چاک تەشخیس دەدەی یان بەرژەوەندییەکانی نەتەوە و نیشتمانەکەت دەکەیتە قوربانیی پێوەندییەکی عاتفی یان ئیدئۆلۆژیک!

لەم گۆشەنیگایەوە، ئیدی باسکردن لە خەیانەت و هەست بە خەیانەتکردن وخەیانەت لێکراوی! بەجۆرێک لە جۆرەکان ئیعترافە بە نەزانی و تێنەگەیشتوویی لە جیهانی ئاڵۆزی دابینکردنی ئیمکانات بۆ نەتەوە و

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# کۆماری ئیسلامی خۆی سەری خۆی دەخوات




مایک پۆمپێئۆ وەزیری دەرەوەی ئامریکا ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٣ی بەفرانبار و لە ڕاگەیەندراوێکدا هۆشداری دایە کۆماری ئیسلامی کە کۆتایی بهێنێت بە پێشێل کردنی بڕیارنامەکانی شۆرای ئەمنیەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خۆڕزگارکردن لە لەپەراوێزکەوتنی سیاسی و ئابووریی واز لە چالاکییە مووشەکییەکانی بهێنێت.

لەم ڕاگەیەندراوەدا کە وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بڵاوی کردۆتەوە هاتووە: وەزارەتی بەرگری ڕێژیمی تاران بەتەمایە ٣ مووشەکی هەڵگری مەترسیدار لە چەند مانگی داهاتوودا تاقی بکاتەوە کە وەها کردارێک جارێکی دیکە پێشێلکاربوونی ڕێژیمی تارانمان بۆ دەسەلمێنی. چالاکییە مووشەکییەکانی تاران پێشێلکردنی بڕیارنامەی ٢٢٣١ی شۆرای ئەمنیەتە کە ئەمەش ڕێگەپێدراو نییە.

پۆمپێئۆ هەروەها وتوویەتی: ئامریکا بەردەوام هۆشداری داوە کە چالاکییە مووشەکییەکانی ئێران دەبنە هۆی لەنێوچوونی سەقامگیری ناوچە و تەنانەت جیهانیش. فەڕانسە، ئاڵمان، بریتانیا و زۆرێکی تر لە وڵاتانی دنیاش نیگەرانی خۆیان لەم مەسەلە دەربڕیوە.

هەر لەم ڕاگەیەندراوەدا ناوبراو ئاماژەی بەوە کردووە کە تاران گەورەترین پشتیوانی تێرۆریزمە لە جیهاندا و لەڕێگەی مووشەکە مەترسیدارەکانی و تاقمە تێرۆریستییەکانی لە ناوچەدا هەوڵ دەدات ناوچە و تەنانەت جیهان تێک بدات کە ئەمە لەلایەن ئامریکاوە قبووڵ ناکرێت.

ناوبراو لە وتوویژێکیشدا لەگەڵ کاناڵی تەلەفزیۆنی "نیوزمەکس" وتوویەتی: ئێمە بەردەوام دەبین لە سیاسەتی درووستی خۆمان بەرامبەر بە ئێران چوونکە پێمان وایە خەڵکی ئێران شیاوی ئەوەن کە ژیانێکی سەردەمیانەیان هەبێ نە ئەوەیکە لەژێر پۆستاڵی ڕێژیمێکی سەرەڕۆدا بژین.

نیگەرانییەکانی ئامریکا دژکردەوەی کۆماری ئیسلامی لێکەوتەوە و جەواد زەریف لە تویتێکدا ئامریکای بە پێشێلکەری بڕیارنامەی ٢٢٣١ تۆمەتبار کرد و وتی: ئامریکا لەو ئاستەدا نییە کە بیهەوێ بەو شێوەیە لەسەر ئێمە قسە بکات.

هاوکات لەگەڵ بەردەوامی گوشارەکانی ئامریکا بۆ سەر ئێران، ڕۆژی سێشەممە ١٢ی بەفرانبار، پاسدار قاسم تەقیزادە، جێگری وەزیری بەرگری ڕێژیمی ئێران لە ڕێوڕەسمێکدا ڕایگەیاند: هێزە سەربازییەکانی ڕێژیمی ئێران، هەمیشە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ ئیسرائیل و ئامریکا ئامادەن، بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر پشت بە بەشی سەربازیی ئەو هێزانە دەبەستێت کە لە عێراق، سووریە، یەمەن و وڵاتانی ناوچەکە بۆ کردەوە ئاژاوەگێڕانەکانی خۆی بەکاری هێناون و شەڕیان کردووە.

لە بەرامبەریشدا بێنیامین نیتانیاهوو، سەرۆکوەزیرانی وڵاتی ئیسرائیل، لە وتارێکدا لە زانکۆی سەربازیی "برایلان"ـی شاری "ڕەمەت گەن"ـی ئەو وڵاتە، لە نێو خوێندکارە سەربازەکان ئاشکرای کرد، کە ئیسرائیل و ئامریکا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی چالاکی و هەوڵە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی ئێران لە ناوچەکە و کردەوەکانی لە نێوخۆی ئێراندا، ئەرکەکانیان دابەش کردووە.

سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتوویەتی: زێدەڕەوییەکانی حکوومەتی ڕێژیمی ئێران لە نێوخۆی ئێران و وڵاتانی تر لە ناوچەکەدا، بووە هۆی دابەشکردنی ئەرکە پێسپێردراوەکانی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا و ئیسرائیل، بە شێوەیەک کە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە ڕوویماڵیی و ئابوورییەوە ڕووبەڕووی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران ببێتەوە و ئیسرائیلیش ئەرکی ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیی بەرانبەر بە ڕێژیمی ئێران بگرێتە پێش.

نێتانیاهوو، لە بەشێکی تری قسەکانیدا، جارێکی تر جەختی لەوە کردەوە، کە ئیسرائیل لێبڕاوانە لە ئاسایش و ئەمنییەتی خۆی بەرانبەر بە هەڕەشەکانی ڕێژیمی ئێران کە بە ئاشکرا باسی لەنێوبردنی وڵاتی ئیسرائیل دەکات، بە هەموو شێوەیەک بەرگریی دەکات.

هەروەها ئاماژەیەکی تایبەتی بە هەوڵە ئاژاوەگێڕانە و تێرۆریستییەکانی لقی قودسی سپای تێرۆریستیی پاسداران لە خاکی سووریە کرد و ڕاشی گەیاند، ئیسرائیل لێبڕاوانە بۆ پێشگرتن بە جێگیربوونی سەربازیی ڕێژیمی ئێران لە وڵاتی سووریە تێکۆشانی خۆی درێژە پێ دەدات و هەتاکوو ئێستاش زیاتر لە دووسەد هێرشی ئاسمانی و مووشەکی کردووەتە سەر بنکە و بارەگا جێگیربووەکانی سپای تیرۆریستی پاسداران لە سووریەدا.

ئەم شەڕە سەر زارەکییەی نێوان ئێران و ئیسرائیل و ئامریکا لە کاتێکدایە کە کۆماری ئیسلامی لەڕووی ئابوورییەوە لەوپەڕی شپرزەیی خۆیدایە و ئەم مەسەلەش بناژۆخوازترین مۆرەکانی هێناوەتە دەنگ؛ نادر قازی پوور بەناو نوێنەری ورمێ لە مەجلیسی ڕێژیم، دەڵێت پێویست بە ئامریکا و ئیسراییل ناکات، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە دەستی خۆی و خەڵک لە ناو دەچێت.

ناوبراو سەبارەت بە بوودجەی دیاریکراوی دەوڵەت بۆ ساڵی داهاتوو دەڵێت: "لە بودجەی ساڵی ١٣٩٨ دا دەبێت ١٠٪ ی کارمەندەکان دەربکرێن، ١٠٪ پەروەردە و بارهێنان دەبێت دابخرێن، زانکۆکان هەڵدەوشێنرێنەوە، لە ڕووسیە وامێکی ٥ میلیارد تمەنی وەردەگیردرێت."

پێشتریش حسەن خومەینی کوڕەزای "خومەینی" دامەزرێنەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی باسی لە ڕووخانی ڕێژیمی ئیسلامی کردبوو و وتبووی: "هیچ گەرەنتییەک نییە کە ئێمە بمێنینەوە و کەسانی دیکە بڕۆن و ڕوو لە بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی ڕێژیم وتبووی: "دەبێت ڕێساکان ڕەچاو بکەن، دەنا دەسەڵاتتان لە دەست دەردەهێنن".

هەروەها "فائیزە هاشمی ڕەفسنجانی"، کچی گەورە تێرۆریستی ڕێژیمی تاران عەلیئەکبەر هاشمی ڕەفسنجانی و نوێنەری پێشووی مەجلیسی ڕێژیمی ئێران، دانی بەوە داناوە، کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە نێوەڕۆکیدا تووشی داڕمان بووە و ئەگەر بە ڕواڵەت ڕووخانەکەی هەست پێ ناکرێت، ئەوە بەو هۆیەوەیە کە خەڵک لە داهاتوویان نیگەرانن و نازانن دوای کۆماری ئیسلامیی ئێران چ کەسێک دەسەڵات بەدەستەوە دەگرێت.

# سێمینارێکی تایبەت لەسەر دۆخی ئێران و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو



بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات، سێمینارێکی تایبەتی لەسەر دۆخی ئێران و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات بۆ بەشێک لە بەڕێوەبەرانی ڕێکخستن لە سنووری پارێزگای هەولێر بەڕێوە برد.

ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٢ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی، بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب، سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە، دۆخی ئێستای ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، سیاسەت و ستراتێژی حیزب، ڕاسان و حوزووری بەردەوامی پێشمەرگە لە خۆرهەڵاتی کوردستان، خەباتی شار و شاخ، ستراتێژی خەباتی نەتەوەیی و ئەرکی ئەندامانی حیزب لەو پێوەندییەدا، سێمینارێکی تایبەتی بۆ بەشێک لە سەرشانە و دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەکانی حیزب لە سنووری پارێزگای هەولێر بەڕێوە برد.

ئەم سێمینارە لە چوار پانێل و بابەتی جیاوازدا بەم شێوەیە بەڕێوە چوو:

پانێلی یەکەم، باسێک بە نیسبەت ئاڵوگۆڕەکان و دۆخی ئێستای ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان و سیاسەتە گشتییەکانی حیزب لەم پێوەندییەدا، کە لە لایەن بەڕێز "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتی حیزبەوە پێشکەش کرا.

پانێلی دووهەم، باسێک لەسەر ستراتێژی خەباتی نەتەوەیی، لە لایەن بەڕێز دوکتور "میرۆ عەلیار" جێگری بەرپرسی ناوەندیی سیاسی حیزبەوە پێشکەش کرا.

پانێلی سێهەم، باس لە سەر خەباتی شار و شاخ و ڕۆڵی حیزبی دێموکرات لەو پێوەندییەدا لە لایەن بەڕێز "تاهیر مەحموودی" ئەندامی دەستەی کارگێری و بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبەوە پێشکەش کرا.

پانێلی چوارەم، باسێك سەبارەت بە گرینگی کاری ڕێکخستن و ڕۆڵ و ئەرکی ئەندامانی حیزب لە قۆناغی ئێستای خەباتدا، لە لایەن بەڕێز "دارا ناتق" جێگری دەزگای ڕێکخستنی گشتی حیزبەوە پێشکەش کرا.

لە پانێلی یەکەمدا بەڕێز "مستەفا هیجری" ئاماژەی بە دۆخی نالەبار و قەیراناوی ڕێژیمی ئێران کرد و وتی: "نارەزایەتییەکان و بێزاریی خەڵک لە ڕێژیمی ئێران کە لە بەفرانباری ساڵی ڕابردوو و بە شێوەی جیدی و لە ئاستی گشتی ئێراندا و بە دروشمی ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دەستی پێکرد، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەردەوام و لە پەرەسەندندایە. هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ بێدەنگ کردنی خەڵك تا ئێستا بێ ئاکام بووە. خەڵکی ئێران هەروا لە ژێر زەبر و زەنگ و ستەمی ئەم ڕێژیمەدان. مەشرووعییەتی ڕێژیم هەم لە ڕووی سیاسی و هەم لە ڕووی ئایینییەوە لە ئاستی نێوخۆیی و نێونەتەوەییەوە، کەوتووتە ژێر پرسیار. دۆخی ئابووریی ئێران ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو خراپ بوون دەچێت، بێکاری، گرانی، فەقر و هەژاری لە پەرەسەندندایە. سەرمایەدارانی بیانی و نێوخۆیی سەرمایەکانیان لە بازاڕەکانی وڵات دەکێشنەوە و گەندەڵی و دزی و بێ کفایەتی سەرتاپای سیستمی حوکمرانی لە ئێراندا داگرتووە. دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و بە تایبەتی ئێعتیاد، خۆسووتاندن و خۆکوژی لاوان، ڕێژەی بەرچاوی تەڵاق، تاوانی کۆمەڵایەتی، توندوتیژی و بێ هیوا بوون بە ژیان لە نێو لاوان و کۆمەڵگا بە گشتی ڕووی لە زیادبونە.

هیجری هەروەها وتی: "سیاسەتی ڕێژیم لە ئاستی ناوچەییدا بە گشتی شکستی هێناوە و لە سیاسەتی دەرەوەدا مایەپووچ بووە. کۆمەڵگای نێونەتەوەیی و ئامریکا بە تایبەتی لە ئاستی هەرێمیدا پاشەکشەیان بە ڕێژیم کردووە. جیهان بە گشتی لە سیاسەتی دەستێوەردانی ڕێژیم لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و پەرەپێدان و پشتیوانی کردن لە تیرۆریزم، بێزارە و ڕێژیمی ئێران بە گەورەترین هۆکار و مەترسی بۆ سەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە دەزانن. لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ناوبراو ئاماژەی بە سیاسەتە گشتییەکانی حیزب و خەباتی ئێستای حیزب کرد و حەرەکەتی ڕاسانی وەك خەباتێکی فرەڕەهەند و بە دروشمی لێك گرێدانی خەباتی شار و شاخ، بە گرینگ و بایەخەوە وەسف کرد. خەباتی مەدەنی و شار وەك چەقی خەبات و پێشمەرگە وەك پاڵپشت و یارمەتیدەری ئەو خەباتە دەبێت و پێویستە کۆی پێکهاتەی کۆمەڵگا لە خزمەت ئەم خەباتە نەتەوەییەدا بن و بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانمان هەوڵ بدەین ببین بە هێزی شوێندانەر. هاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە ئازادیخوازەکانی ئێرانی و هێزە کوردستانییەکان و بەهێزکردنی ناوەندی هاوکاری حیزبە کوردستانییەکان یەکێك لە ئەرکەکانی ئەم قۆناغەی خەباتمان دەبێت.

لە پانێلی دووهەمی سێمینارەکەدا، دوکتور "میرۆ عەلیار" دوای ئاماژە بە پێناسەکردنی "نەتەوەی ژێرستەم" ، چووە سەر شیکردنەوەی خەباتی نەتەوەیی و ئامانجەکانی و خەباتی ڕزگاریخوازی کوردی بەسەر سێ قۆناغدا دابەش کرد:

١. قۆناغی ڕاپەڕینی کەسایەتییەکان بە دژی زوڵم و زۆری حکوومەتەکان و بۆ ڕزگاربوون لەژێردەستی. ٢- قۆناغی جووڵانەوەی ئەحزابی کوردی بۆ دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکان کە بە دامەزرانی حیزبە سیاسییەکان دەستی پێکردووە و هەتا ئەمرۆش درێژەی هەیە.
٣- قۆناغی بەنەتەوەیی بوونی خەبات.

بە بۆچوونی عەلیار، قۆناغی یەکەم سەردەمی بەسەر چووە و ئێستا لە قۆناغی دووهەم واتە قۆناغی خەباتی حیزبەکان بۆ دابینکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلەکەماندایـن. تێکۆشانی حیزبەکان بە پرشوبڵاوی و بە بێ پلانی هاوبەش، پێکنەهاتنی دامەزراوەی هاوبەش و نیشتمانی و نەبوونی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ "بەرژەوەندیی نەتەوەیی" وەک بەرچاوترین تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناخە دیاری کران. ناوبراو لە درێژەی قسەکانیدا، دۆخی تایبەتیی جوغرافیایی- سیاسی کوردستان و دابەشبوونی کوردستان بە سەر چوار وڵات لە ناوچە ئیستبدادلێدراوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی وەک فاکتەرێک کە بۆتە هۆی دژوارتربوون خەباتی ڕزگاریخوازی کورد، خستە بەر باس. لە کۆتایی باسەکەیدا ئاورێک لە تایبەتمەندییەکانی خەباتی نەتەوەیی درابۆوە و یەکڕیزیی، یەکگوتاریی، دەروەستبوون بە پێوەرەکانی دێموکراسی و داهێنانی کولتوورێکی سیاسی گونجاو لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخواز و لەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییانە و پابەندبوون بە "قواعد بازی"ی خەباتی نەتەوەیی، بە مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنی جووڵانەی نەتەوەیی- دێموکراتیکی کورد ئەژمار کرد بوو.

لە پانێلی سێهەمدا، "تاهیر مەحموودی"، لە باسی خەباتی شار و شاخ و ڕۆڵی ئەندامانی حیزب لەو پێوەندییەدا وتی: "خەباتی نەتەوەیی و ئازادیخوازی گەلی کورد لە خۆرهەڵاتی کوردستان کە بە کۆدی ڕاسان و بە دروشمی لێك گرێدانی خەباتی شار و شاخ دەستی پێ کردووە، ڕەنگدانەوەی ئیرادەی بەرزی شۆڕشگێڕی و نەتەوەیی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستانە کە توانی جارێکی دیکە دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بخاتە ڕۆژڤی سیاسەتی نێونەتەوەیی و هەرێمی و کاریگەری ئەرێنی لە گەشەکردن و سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ئازادیخوازی لە ئێران بە گشتی وکوردستان بە تایبەتی دابنێت. ناوبراو هەروەها وتی: خۆرهەڵاتی نوێ، لەگەڵ شاخ پەیمان دەبەستێ و یارمەتی وەردەگرێ بۆ ڕاسانی نوێ. ئامانج ئەوەیە کە بۆ خۆی ببێتە ڕزگاریدەری خۆی و جگە لە یارمەتی وەرگرتن لە شاخ (پێشمەرگە) کە سەرمایە و هێزی خۆیەتی، چاوەڕێی یارمەتی هیچ لایەنێك نەکات. بۆ ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو ببێ بە پلاندارێژ و بەڕێوەبەر بۆ گەیشتن بە ئازادی.

ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە لەم خەباتە فرەڕەهەندەی حیزب بە ناوی ڕاسان، ئامادە بوون بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لە شێوەی کار و هەڵسووڕان و دەستڕاگەیشتن بە گونجاوترین شێوەکانی خەبات کە کەم تێچووترین و پڕدەسکەوترین ئەنجامی بەدواوە بێت، گرێ دراوە بە خێرایی گۆڕانی کۆمەڵگە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ڕاسانی خۆرهەڵات ئەوەندەی هەنگاوێکی بوێرانەیە، دەستپێشخەرییەکی شۆڕشگێڕانە و لە کاتی خۆیدا بوو و هەر لەو ئاستەشدا بەرنامەیەکی قورس، پڕتێچوو و پڕئاستەنگە.

مەحموودی هەروەها ڕۆڵی ئەندامانی حیزبی لە بەردەوامی و گەشەسەندنی بزاڤی ڕاساندا بە بایەخ و گرینگەوە وەسف کرد.

لە پانێلی چوارەم و کۆتاییدا، "دارا ناتق" باسێکی گشتی لە سەر کار و چالاکییەکانی ماوەی ڕابردووی دەزگای ڕێکخستنی گشتی حیزب کرد و ئاماژەی بە ڕۆڵی ئەندامانی حیزب لە قۆناغی ئێستای خەباتدا کرد.

"ناتق" لە قسەکانیدا باسی لەوە کرد کە هەروەک ڕێبەری گەورەی کورد نەمر دوکتور قاسملوو فەرموویەتی، "ڕێکخراو چەکی هەرە گرینگی ئێمەیە". هەر بۆیەش ڕێکخستن و کەڵکوەرگرتن لە هزر و وزەی ئەو هێزە ڕەمزی سەرکەوتنی حیزب و شۆڕشە. ڕۆڵی ئەندامانی حیزب سەرەڕای گشت ئاستەنگەکانی سەر ڕێگای خەبات، لە پشتیوانی حیزب و هاوکاری و پاڵپشتی کردنی بزاڤی ڕاسان لە هەموو بوارەکاندا بەرچاو و شوێندانەر بووە. بێ گومان دابینکردنی هێزی مرۆیی لێهاتوو و کارامە و پسپۆڕ لە هەموو بوارەکاندا بۆ خزمەت بە جووڵانەوە و خەباتی نەتەوەیی لە چوارچێوەی ئۆرگانیزاسیۆنێکی دووره وڵاتی شۆڕشگێڕدا کارێکی ئەستەمە، بە خۆشییەوە حیزبی دێموکرات توانیویەتی لەو بارەوە هەنگاوی باش بهاوێت و هێز و پوتانسیەلێکی نیشتمانپەروەر و شۆڕشگێڕ و کارا بە دەوری بەرنامە و ئەساسنامەی ئەم حیزبەدا کۆبکاتەوە و بیخاتە خزمەت بزاڤی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا، هەر بۆیە بە لەبەرچاوگرتنی ڕەوتی خێرای ئاڵوگۆڕەکان و دۆخی ئێستای ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان، ئەندام و لایەنگرانی حیزب وەك سەرمایەی لەبڕان نەهاتووی حیزب پێویستە وەك هەمیشە بە ئیرادەیەکی بەرزی نەتەوەیی و شۆڕشگێڕی، لە پێناو وەدیهاتنی ئامانجە نەتەوەییەکانماندا تێبکۆشن و موبەلغێکی بەردەوامی بەرنامە و سیاسەتەکانی حیزب بن بۆ نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

لە چوارچێوەی باسە پێشکەشکراوەکاندا، بەشدارانی سێمینار ڕا و بۆچوونی خۆیان لەو پێوەندییەدا خستە بەر باس و سێمینارەکەیان دەوڵەمەندتر کرد.

دەقی وتەکانی بەڕێز لێپرسراوی گشتیی حیزب لەم سێمینارە لەم ژمارەی کوردستان دەخرێتە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێزی "کوردستان".

# پۆلێکی دیکە لە لاوانی ڕۆژهەڵات پەیوەست بە ڕیزی پێشمەرگەکانی کوردستان بوون



دەورەی ٢٣٣ی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیاکانی کوردستان کۆتایی پێهات و پۆلێکی دیکە لە لاوانی دەروەستی کوردستان چەکی داکۆکی لە کەرامەتی نەتەوەکەیان لە شان کرد.

دەورەی ٢٣٣ی سەرەتایی پێشمەرگە لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتیدا کۆتایی پێهات. سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە بە خوێندنی سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد. پاشان بەڕێز "حوسێن نازدار" ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی ناوەندی سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

بەڕێز "حوسێن نازدار" لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە گرینگی بە بردنە سەری ئاستی زانیاری، وشیاری نەتەوایەتی، سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەندامانی حیزب بە تایبەتی و خەڵکی کوردستان بە گشتی داوە و ڕایگەیاند:

"حیزبی دێموکرات پەروەردە و فێرکردنی کردووە بە ئەرکێکی هەرە گرینگی خۆی، پەروەردەی حیزب لەسەر بنچینەی مافە نەتەوایەتی و دێموکراتییەکانی گەلی کورد، مافی مرۆڤ، ئازادی، دێموکراسی و دادپەروەری دارێژراوە و لە چوارچێوەی ئەو بەها گرینگانە و بە گوێرەی بارودۆخی حیزب و واقعیەتی کۆمەڵگای کوردستان، فێرگەی حیزبی دێموکرات بەشێوەی جۆراوجۆر و لە ئاستی جیاوازدا بەردەوامە و هەزاران تێکۆشەری سیاسی و نیزامی پەروەردە کردوون و پێشکەش بە بارەگای نەتەوەی کوردی کردوون".

ناوبراو لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا ڕایگەیاند، کە حیزبی دێموکرات لە پێناو مان و مەوجوودییەت و ڕزگاری و ئازادی کورددا خەبات دەکات، دەسدرێژی بۆ سەر مافی هیچ کەس و سەروەری هیچ وڵاتێک ناکات و لە بەرامبەر زوڵم و زۆرداری هیچ نەتەوەیەکی ستەمکاردا چۆکدا نادەن و تەسلیم نابن هەروەها لە درێژەدا وتی: "ئێمە شەڕخواز نین و شەڕ لە پێناوی شەڕدا ناکەین، دیفاعی ڕەوا دەکەین بۆ نەهێشتنی شەڕ".

پاش وتەکانی بەڕێزیان سروودێک لە ژێر ناوی "ئێمە پێشمەرگەین" لەلایەن بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا ڕاپۆرتی پەوەردەیی فێرگە لەلایەن شاهۆ غەفووری مامۆستای فێرگەوە خوێندرایەوە.

پاشان پەیامی بەشدارانی دەورەی ٢٣٣ی پێشمەرگە لەلایەن یەکێک لە بەشداربووانی دەورەوە خوێندرایەوە.

دواتر گۆرانییەکی شۆڕشگێڕانەی "سەرکەوێ ڕاسان" کە لەلایەن بەشداربوویەکی دەورەوە پێشکەش کرا ڕازێنەرەوەی بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە بوو.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا، بە سەر کەسانی یەکەم تا سێهەم لە بواری تاقیکارییە سیاسی و نیزامییەکان و نەزم و دیسیپلیندا، خەڵاتگەلێک دابەش کرا.

ئەم ڕێوڕەسمە بە چەند نمایشێکی سەربازی کە لەلایەن بەشداربووانی دەورەوە نمایش کرا کۆتایی پێهات.

# لە کوردستان بەردەوام ڕێز لە ڕۆژی پێشمەرگە دەگیرێ




ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بۆ پشتیوانیی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگە بەردەوام چالاکیی تەبلیغیی بەڕێوە دەبەن.

ئەندامان و لایەنگران حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە شار و گوندەکانی کوردستان لە بەڕێوەبردنی چالاکیی تەبلیغیی بەردەوامن و بە شێوەی جۆراوجۆر ئەو ڕۆژە مێژووییە بەرز ڕادەگرن.

ڕۆڵە چاونەترس و ئازاکانی دێموکرات لە شاری سەقز، لە گەڕەکەکانی شاناز، کەریم ئاوا، شارەکی نیروی ئینتزامی، شارەکی ١١ی گوڵان، تەپەی ساڵحاوا، تەپەی حاجیاوا، ٣٢ میتری، سیلۆ، نەشمیلان وجاددەی کانی نیاز تراکت و پوستێری تایبەت بە ٢٦ی سەرماوەزیان بڵاو کردەوە.

هاوکات ڕۆڵەکانی دێموکرات بەبۆنەی شەوی یلدا لە شارۆێرانی مەهاباد لە گوندەکانی خوڕخوڕە، قزڵقۆپی و تاڵاوی کانی بەرازە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

قارەمانانی دێموکرات لە شاری مەهاباد لەم شوێنانەش: شارەوانی، پشت بانکی مەسکەن، مەدرەسەی نموونەی دەوڵەتی و گوندی خوڕخوڕەی مەهاباد، بە بۆنەی شەوی یەڵدا، شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز لە گوندی دەرەکێ لە سێڕای دەمەیەو و دەرەکێ پوستێر و تراکتی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستانیان بڵاو کردەوە.

تێکۆشەرانی دێموکرات لە شارەکی گوڵچیەری شاری مەریوان، بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان تراکت و پوستێری تایبەت بەو ڕۆژەیان بڵاو کردەوە.

لە شاری پیرانشار قارەمانانی دێموکرات، بە بۆنەی ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان، لە "کوی خەیام، جاددەی سەردەشت، شەقامی ئەندیشە (بەرەو شیناوێ)، مەدرەسەی مەحموود قادری، شەقامی سەعدیی شەرقی و غەربی، دەوروبەری فەلەکەی محەممەد ئەوراز، مزگەوتی دارولقورئان، ١٦میتریی حاجی مستەفا، بازاڕی سیگاران، شەقامی ساحلی و دەورووبەری و مزگەوتی قیبلە چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە بردووە.

لە درێژەی چالاکییە تەبلیغییەکاندا، قارەمانانی دێموکرات لە شاری ورمێ، لە شوێنەکانی وەک: "ئەلواج، ئیسلام ئاباد، تەرزیلوو، بادەکی و شارەکی جنووبی" وێنە و تراکتی تایبەت بە ڕۆژی پێشمەرگەیان بڵاو کردەوە و پەیمانیان لەگەڵ هێزی پێشمەرگە دووپات کردەوە.

# بە بۆنەی شەوی یەڵدا چالاکی تەبلیغی بەڕێوە چوو



ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی شەوی یەڵدا ڕێوڕەسمی تایبەتیان بەڕێوە برد.
خەڵکی تێکۆشەری کوردستان بە بۆنەی شەوی یەڵدا، شەوی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو، ڕێوڕەسمی تایبەت بەڕێوە دەبن و ڕێز لەو شەوە دەگرن.
لەو پێوەندییەدا قارەمانانی دێموکرات، لە گوندی "گاگەش"، سەر بە پیرانشار، بە بۆنەی شەوی یەڵدا چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد و بە بڵاوکردنەوەی تراکت و پۆستێری تایبەت بە شەوی یەڵدا، ڕێزیان لەو شەوە گرت.
هاوکات لە شاری سنە، خەڵکی بوێری سنە، بە بۆنەی شەوی یەڵدا ڕێوڕەسمێکی بەشکۆیان بەڕێوە بردووە.
هەروەها ناوەندی "ڤەژین" لە شاری مەریوان، بە بۆنەی شەوی یەڵداوە ڕێوڕەسمێکی بەشکۆی بەڕێوە برد.
لەو ڕێوڕەسمەدا، حەوتەمین خەڵاتی بەرووی زێڕین لە لایەن ناوەندی ڤەژینەوە پێشکەش بە مامۆستا مام خدری قادری کرا.
شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، شەوی یەڵدا دوایین شەوی وەرزی پاییز لە دایک بووە و خەڵکی کوردستانیش بەم بۆنەوە ڕێوڕەسمی تایبەت بەڕێوە دەبەن.

# لە شاری سلێمانی بە بۆنەی شەوی یەڵدا مەراسمێکی تایبەت بەڕێوە چوو




کۆمیتەی ڕێکخستنی ئاشکرای حیزب لە سلێمانی بە بۆنەی شەوی یەڵدا و ٨٨هەمین ساڵرۆژی لە دایکبوونی ڕێبەری نەتەوەی کورد د. قاسملوو مەراسمێکی تایبەتی بەڕێوە برد.
ئەم مەراسمە کاتژمێر ٧ی ئێوارەی ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٣٠ی سەرماوەز، بە بەشداری بەرپرس و کادرەکانی دەزگای ڕێکخستن و ئەندامانی حیزب لە شاری سلێمانی و دەوروبەری لە بنکەی پێوەندییەکانی حیزب لەو شارە بەڕێوە چوو.
مەراسمەکە سەرەتا بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. پاشان لە لایەن هاوڕێ فوئاد خاکی بەیگی بەرپرسی پێوەندییەکانی حیزب لە شاری سلێمانی بە خێرهاتنی میوانەکان کرا.
دواتر هاوڕێ تاهیر مەحموودی، ئەندامی دەستەی کارگێری و بەرپرسی دەزگای ڕێکخستن بە بۆنەی شەوی یەڵدا و ساڵرۆژی لە دایکبوونی د. قاسملوو چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. ناوبراو لە قسەکانی دا ئاماژەی بەم خاڵە گرینگانە دا :کاریگەری و ڕۆڵی دوکتور قاسملوو لەسەر حیزبی دێموکرات، جێ پەنجەی لەسەر سیاسەتگوزاری حیزب و سەرجەم بوارەکان، سەربەخۆیی سیاسیی بۆ بڕیاردانی حیزبی، گەڕانەوەی لە ئورووپا بەر لە کۆنفرانسی ٣و زیندووکردنەوەی حیزب ، پێداگری لەسەر ئاشتی، دێموکراسی و مافی نەتەوایەتیی، هەوڵدانی بۆ پەیداکردنی پشتیوانی نێونەتەوەیی و ڕاکێشانی سەرنجی ئوروپاییەکان بەلای تێکۆشانی حیزب.
لە بەشێکی دیکەی وتەکانیشیدا ئاماژەی بە گەورەترین کاری دوکتور قاسملوو کرد کە بریتی بوو لە بەجێ هێشتنی حیزبێکی بە ئوسول و بەپڕەنسیپ و بە بەرنامە کە بە دوای خۆیشی دا بتوانێ ئیدامەکاریی ببێ. وتیشی: دوکتور قاسملوو دەیوت ڕەمزی خۆڕاگری حیزب سێ شتە یەکەم سیاسەتی دروست، دووهەم پشتیوانی خەڵکی کوردستان، سێهەم بوونی هێزی پێشمەرگە کە ئەو سێ خاڵە لە جەوهەرو پەیامی ڕاسانیش دا ڕەنگی داوەتەوە.
دواتر هەر یەك لە هاوڕێیان ڕەزا مورادی و عەدنان قادری بەو بۆنەوە پارچە شێعرێکیان پێشکەش کرد.
پاشان فیلمێکی دیکیۆمێنتاری کە لە سەر ژیان و کەسایەتی د. قاسملوو لە لایەن کۆمیتەی حیزب لە سلێمانی ئامادە کرابوو پێشکەش بە ئامادەبووان کرا.
دواتر پەیامی یەکیەتی لاوان لە لایەن ئازاد شافێعی بەرپرسی کۆمیتەی لاوان لە سلێمانی خوێندرایەوە.
هەروەها هونەرمەند تاهیر خەلیلی و پێشمەرگەی لاو کامران عەبدوڵاهی بەو بۆنەیەوە گۆرانیان پێشکەش کرد؛ لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەشدا هونەرمەند جاسمی ساز سروودێکی بە ناوی "وا هاتن پێشمەرگەی ڕۆژهەڵات"، بەو بۆنەوە پێشکەش کرد کە لە لایەن هاوڕێ تاهیر مەحموودی بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنەوە وێنەی د. قاسملوو پێشکەش بە ناوبراو کرا
دواتر لەوحی ڕێزلێنان لە لایەن هاوڕێ دارا ناتق جێگری ڕێکخستنی گشتی حیزبەوە پێشکەش بە سەرکەوتووانی دەورەی زمانی کوردی کرا کە ماوەیەک پێش ئێستە لەلایەن کۆمیتەی حیزب لە شاری سلێمانی بەڕێوە چوو.
لە کوتاییدا بەشداربووان بە شایی و هەڵپەڕکێ ئەو یادەیان ڕازاندەوە.

# لە کەمپی دێگەڵە یادی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو بەرز ڕاگیرا



یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کەمپی دێگەڵە ڕێوڕەسمێکیان بەبۆنەی یادی لەدایک بوونی د.قاسملوو و شەوی یەڵدا بەڕێوە برد.
ڕۆژی هەینی، ٣٠ی سەرماوەز، یەکیەتی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێورەسمێکیان بەبۆنەی "٨٨"ەمین ساڵیادی لە دایکبوونی ڕێبەری نەمری گەلەکەمان د.قاسملوو و شەوی یەڵدا لە کەمپی دێگەڵەدا بەڕێوە برد.
سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوایەتی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێك بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.
دواتر پەیامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکیەتی لاوان لەلایەن "واحید ئەحمەدی" ئەندامی بەڕێوبەریی یەکیەتی لاوان بەم بۆنەوە خوێندرایەوە.
پاشان "زانیار بەهاری" باسێکی لەسەر کەسایەتی د.قاسملوو و کاریگەرییەکانی لەسەر بزاڤی نەتەوەیی کورد پێشکەش کرد.
دواتر مۆمی ٨٨ ساڵەی لە دایک بوونی د.قاسملوو لەلایەن دوو پێشمەرگەی دێرین و سەردەمی کۆماری کوردستان بە ناوەکانی "سۆفی مەحموود ئاقایی و مەلا عەبدووڵا"وە هەڵکرا.
لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا دوو سروود لەلایەن "نیزام سەجادی و محەممەد محەممەدزادە"وە پێشکەش کرا.
بڕگەیەکی تری ئەم ڕێوڕەسمە تەرخان کرابوو بۆ پێدانی لەوحی ڕێزلێنان بە هونەرمەندان "شۆڕش ئاهی، سامان سەیدئەحمەدی و نیزام سەجادی" وەک ڕێزگرتنێک لە ماندووبوونەکانیان.
پاشان پەخشانێک لەژێر ناوی "شەوی یەڵدا" لە نووسینی "جەماڵ فەتحی(کۆچەر)" ، لەلایەن "سامڕەند زاگرۆس"ەوە خوێندرایەوە.
دواتر "غوڵام فاتحی" سروودێکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد.
پاشان "ڕامیار شامورادی" شێعرێکی لە ژێر ناوی "ڕووناکییەک لە نێو شەوەزەنگدا" لە نووسینی "شەریف فەلاح" پێشکەش کرد.
بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمە تەرخان کرابوو بۆ گۆرانی فۆلکلۆر، کە لەلایەن "نیزام سەجادی"ەوە پێشکەش کرا.
ئەم ڕێوڕەسمە بە هەڵپەڕکێ، شایی و خۆشی بەشداربووان کۆتایی پێهات.

# دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە یادی لەدایکبوونی دوکتوور قاسملوویان بەرز ڕاگرت



دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە، لە فێرگەی حیزبی دێموکرات، ڕێوڕەسمێکیان بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی دوکتور قاسملوو و شەوی یەڵدا بەڕێوە برد.
ڕۆژی ٣٠ی سەرماوەز، لە فێرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە، لە ڕێوڕەسمێکدا، ٨٨ ساڵەی لەدایکبووونی ڕێبەری هەمیشە زیندووی گەلەکەمان، "دوکتوور قاسملوو" و شەوی یەڵدایان بەرز ڕاگرت.
ئەم ڕێوڕەسمە بە قسە و گۆرانی بەشداربووانی دەورە دەستی پێ کرد، پاشان چەند گۆرانییەک لە لایەن بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش کران.
بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە پێك هاتبوو لە شانۆیەکی کۆمیدی کە باسی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دەکرد.
بڕگەیەکی تر تەرخان کرابوو بۆ کێبەڕکێی هەڵهێنانی مەتەڵ و پەندی پێشینان.
دواتر شانۆییەکی تر پێشکەش کرا.
ئەم ڕێوڕەسمە بە گۆرانی و هەڵپەڕکێی بەشداربووانی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە کۆتایی پێ هات.

# ڕاسانیانی چیاقامەت یادی خۆرە دەم بە خەندەکەی یەڵدایان بەرز ڕاگرت




هێزێکی دیکەی پێشمەرگەی کوردستان، لە شاخە سەرکەشەکانی نیشتمان ڕێوڕەسمێکی تایبەتیان بۆ بەرزڕاگرتنی یادی لە دایک بوونی دوکتور قاسملوو و شەوی یەڵدا بەڕێوە برد.
شەوی هەینی ڕێکەوتی ٣٠ی سەرماوەز، هێزێکی دیکەی پێشمەرگەی کوردستان، لە چیاکانی نیشتماندا و لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا یادی ٨٨ ساڵەی لەدایک بوونی دوکتور قاسملوو و شەوی یەڵدایان بەرز ڕاگرت.
سەرەتای ئەم ڕێوڕەسمە بە ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد، پاشان "سدیق دەرویشی" جێگری فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وتارێکی بەم بۆنەوە پێشکەش کرد.
دواتر هاوڕێ "دیاکۆ مەسعودی" یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی پێشمەرگە لە وتارێکدا باسی لە شەوی یەڵدا و کەسایەتی مەزنی دوکتور قاسملوو کرد.
لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا، "کەژان کەسرایی" ژیاننامەی دوکتور قاسملووی بۆ بەشداربووان خوێندەوە؛ پاشان "سەمیرا سەخاوەت" باسی لە چەند بیرەوەرییەکی دوکتور قاسملوو کرد.
لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا پەخشانێک لەلایەن "ئارۆ سەمەدی"ەوە خوێندرایەوە؛ بڕگەیەکی تری ئەم ڕێوڕەسمە تەرخان کرابوو بۆ چەند کۆپلە گۆرانی کە لەلایەن هاوڕێیان "زانیار قادرپوور، پوریا ڕەسولی و کەیوان مورادی"وە پێشکەش کرا.
دواتر شێعرێک لەلایەن هاوڕێی پێشمەرگە "شەهلا کاوە"وە خوێندرایەوە.
ئەم ڕێوڕەسمە بە ئەنجام دانی کێبەڕکێ، یاری فولکلۆری کوردەواری و شایی و هەڵپەڕکێی پێشمەرگەکانی شاخ کۆتایی پێهات.

# باوکی پێشمەرگەیەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆچی دوایی کرد



کاک ڕەحمان ڕەحمانی باوکی هاوڕێ کاک ئیسماعیل ڕەحمانی کادری حیزب و جێگری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە شاری سلێمانی، ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ٧ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی بەهۆی نەخۆشی و بەساڵاچوویی لە تەمەنی ٧٨ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.
کاک ڕەحمان کەسایەتییەکی نیشتمانپەروەر و خۆشناوی ناوچەی فەیزوڵلابەگی سەقز بوو کە بەردەوام هاندەر و پاڵپشتی پێشمەرگەکانی کوردستان بووە و بە خەمخۆرێکی کوردستان ناسرابوو.
تەرمی ناوبراو هەر هەمان ڕۆژ لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی گوندی تۆمارقامیش بەخاک سپێردرا.
حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخبوونی بۆ کۆچی دوایی ئەم کەسایەتییە، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزیان و بەتایبەت کاک ئیسماعیل ڕەحمانی دەکات و خۆی بە شەریک و بەشداری خەمیان دەزانێ.

## درێژەی پەیف

نیشتمانی خۆت!
لە مێژووی دوور و نزیکی کورددا زۆر جار هەبووە کە هێز و بزووتنەوەی کوردستان ئەوەندەی وەدوای بەرژەوەندیی خەباتەکەی خۆیانەوە بوون، نەگەیشتووەتە یەک لە سەدی ئەوەندەی هەوڵیان داوە پێبەندییان بە ئیدئۆلۆژی یان پێوەندییەکی عاتفی لەگەڵ دیتران بسەلمێنن.
زۆرجار هەوڵمان داوە کە بیسەلمێنین پێڕەوێکی باش و بێخەوشی سوڵتانی قاجار و پالەوی و وەلیی فەقیهی و سوڵتانی عوسمانی و دەوڵەتی رووس و مەلەکەی بریتانیا و پاشای عەرەبستان و ئیدۆلۆژیی مارکسیزم و فلانە ئایین و ئیدئۆلۆژیی دیکە بووین، یەک لە هەزاری ئەوەندەش هەوڵمان نەداوە نیشتمانەکەمان بونیات بنێین، جا دوایە هەرکەس پێڕەوی چ ئیدە و ئیدئۆلۆژییەکە با ببێ! هەر بۆیە چەمکی «خەیانەتمان لێ کراوە» بەردەوام لە مێژووی کوردستان بە گشتی دووپات دەبێتەوە.
پێویستە کە باشتر لە دونیا تێ بگەین وهەوڵ بدەین کە نیشتمانمان بونیات بنێینەوە.

# دەقی وتەکانی بەڕێز مستەفا هیجری لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات لە کۆبوونەوەی تەشکیلاتی بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتی حیزب




**ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٢ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی، بەشی ئاشکرای دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزب، سەبارەت بە ئاڵوگۆڕەکانی ئەم دواییانە، دۆخی ئێستای ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی، سیاسەت و ستراتیژی حیزب، ڕاسان و حوزووری بەردەوامی پێشمەرگە لە خۆرهەڵاتی کوردستان، خەباتی شار و شاخ، ستراتیژی خەباتی نەتەوەیی و ئەرکی ئەندامانی حیزب لەو پێوەندییەدا، سیمینارێکی تایبەتی بۆ بەشێک لە سەرشانە و دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەکانی حیزب لە سنووری پارێزگای هەولێر بەڕێوە برد. پانێلی یەکەمی ئەم سیمینارە، باسێک بوو بە نیسبەت ئاڵوگۆڕەکان و دۆخی ئێستای ئێران و خۆرهەڵاتی کوردستان و سیاسەتە گشتییەکانی حیزب لەم پێوەندییەدا، کە لە لایەن بەڕێز "مستەفا هیجری" لێپرسراوی گشتی حیزبەوە پێشکەش کرا. لێرەدا دەقی وتەکانی بەڕێزیان دەخەینە بەر چاوی خوێنەرانی خۆشەویستی "کوردستان".**

هاوڕێیانی بەڕێز
خوشک‌وبرایانی خۆشەویست
سڵاوێکی گەرمتان لێ بێت
خۆشحاڵم بەو کۆبوونەوەی کە هەمانە سپاس بۆ ڕێکخستن کە توانیویانە ئێوە هاوڕێیانی خۆشەویست لەو شوێنەدا کۆبکەنەوە بۆ ئەوەیکە لە پێوەندی لەگەڵ ڕووداوەکانی دەوروبەرمان قسەی لێبکەین.

لە پێش هەموو شتێکدا دەمەوێت زۆر بە کورتی باسی وەزعی ئێران بکەم. لە ڕاستیدا کە دەڵێم زۆر بە کورتی هەموو ئێوە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو وەزعیەتەی کە ئەوڕۆ لە ئێراندا خەڵکی ئێمە لەگەڵی ڕووبەڕووە کەم‌وزۆر شارەزایەتیتان هەیە، بۆیە زۆر وەختەکەم بەوەوە ناگرم.

ئێمە هەموومان دەبینین کە دەربڕینی نارەزایەتییەکان لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا دروست لە مانگی بەفرانباری ساڵی ڕابردووەوە کە خۆپیشاندانە سەرانسەرییەکان دەستی پێکرد تاکوو ئێستا هەروا بەردەوامە؛ دیارە پێش ئەوەش بۆخۆتان دەزانن هەمیشە دەربڕینی نارەزایەتی خەڵک بەردەوام بووە، بەڵام ئەوەیکە بە چڕی ئەو ڕێپێوانانە دەستی پێکرد لە پارەکانە لەو مانگەڕا بوو. ڕێژیم زۆری هەوڵ دا ئەو دەربڕینی نارەزایەتییانە بە سەرکوت و زەبروزەنگ بێدەنگ بکا بەڵام تاکوو ئێستاش سەرکەوتوو نەبووە، ئێمە ئێستا ڕۆژانە شاهیدین کە لە کارخانەکاندا کرێکاران لە تەزاهورات و مانگرتندان، مامۆستایانی قوتابخانەکان، ئەوانەی کە داراییان و نەتیجەی زەحمەتییان لە بانکەکاندا خوراوە و مایەپووچ دەرچوونە، جووتیاران و هەموو چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی ئێران لە دەربڕینی نارەزایەتیدان؛ ئەگەر دیقەتتان کردبێت لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا لە تەواوی ئەو دەربڕینی نارەزایەتییانەدا ڕێژیم جگە لە سەرکوت و زەبروزەنگ هیچ جوابێکی بۆ خەڵک پێ نەبووە، یانی ڕێژیم گەیشتووەتە نوقتەیەک کە نە دەیهەوێت گرفتەکانی خەڵك چارەسەر بکات و نە دەتوانێ، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ ئەو گیروگرفتانە زیاتر دەبن، و چونکە ڕێژیمیش ناتوانێت چارەسەریان بکات دەگاتە تەزاهوراتی سەرانسەری و وەزعیەتێک کە وەزعیەتی ئینقلابی پێدەڵێن لە ئێراندا ڕوو دەدا.

لە وەزعیەتی ئێستادا دەبینن خەڵکەکە نارازییە و ڕێژیمیش بۆی جێبەجێ ناکرێ، بەڵام وەزعەکە بەرەو خراپتر بوون دەچێت، خراپتربوون بەو مانایەی کە وەزعی ئابووریی خەڵک خراپتر دەبێت و بێکاری زیاتر دەبێت. تاکوو ئێستا بەپێی دوایین هەواڵەکان کە لە ماوەی ١٠ ڕۆژی ڕابردوودا بڵاو کراوەتەوە، هەناردەکردنی نەوتی ئێران کە ٨٠ لەسەدی داهاتی ئێران پێک دێنێت بە کەمترین ئاستی خۆی لە ماوی پێنج شەش ساڵی ڕابردوو گەیشتووە، ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئامریکا مەعافییەتی داوە بە ژمارەیەک لە وڵاتانی ئاسیایی کە تا شەش مانگی دیکە و بۆ هەندێکیان تا هەشت مانگی دیکە لە جەریمە کردن مەعاف بن و بتوانن لە ئێران نەوت و گاز بکڕن، بەڵام وردە وردە کە دەچینە پێشێ لە ماوەی شەش مانگ یان هەشت مانگ ئەم مەعافیەتە تەواو دەبێت یانی ئاستی نەوت زۆر زیاتر دادەبەزێت و داهاتی ڕێژیمی ئێران زۆر زیاتر دادەبەزێت و نارەزایەتییەکانی خەڵک زیاتر دەبنەوە. ئەوەی لە ئێستادا لە دنیا باسی لەسەر دەکرێت زۆرتر مەسەلەی گرفتی ئابوورییە بەڵام پێم خۆشە سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە گرفتی ئابووری بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی زۆرترە و بۆ خەڵکی ئێران ئەمە یەکێک لە کۆمەڵە گرفت و موشکلاتێکە کە لەگەڵی ڕووبەڕوو بوونەتەوە.

لێرەدا گەورەترین گرفت بۆ ڕێژیم ئەوەیە کە ڕێژیم لە ماوەی یەک دوو ساڵی

ڕابردوودا لە نێو خەڵکدا ئێعتباری لەدەست داوە، ئێعتبار بەو مانایەی کە خەڵک ئێعتماد بە بانکەکانی ناکا، ئێعتماد بە ئامارەکانی ناکا کە ئێعلامی دەکات، ئێعتماد بە قسەکانیان ناکەن کە دەیڵێن، وەختێک کە ئێعتماد بە بانکەکانی ناکەن، خەڵک پووڵی خۆی لە بانکەکانی دانانێت، وەختێک پووڵیان دانەنا، بانک پووڵی نییە، ئەوەش هێندەی دیکە گرفت بۆ ڕێژیم دروست دەکات، سەرمایەکان دەچنە دەرەوە و ئەوە هەموویان پێکەوە گرێدراون.

لەباری مەشروعییەتەوە، ئەگەر ڕێژیم ساڵانی ڕابردوو مەشروعیەتی بوو، یانی لەباری شەرعییەوە، لە باری ئیسلامییەوە، ئیسلامێک کە خۆیان باوەڕیان پێی هەیە، خەڵک ئەو ڕێژیمەیان بە ڕێبەری ڕێژیمێکی ئیسلامی دەزانی ئێستا لەو بارەشەوە ڕێژیم کەوتووەتە قەیرانەوە، خەڵک ئێعتمادی پێ ناکات؛ من یەک نموونەتان بۆ دێنمەوە ماوەیەک لەمەو پێش تەقریبەن پێنج شەش مانگ لەوەوپێش جووتیارانی ئیسفەهان، بۆخۆتان دەزانن ئیسفەهان یەکێک لەو شارانەیە کە زۆرترین پاسدار و بەسیجی هەیە کە پشتیوانی ڕێژیمە، جووتیارەکان لە مزگەوت پشتیان لە بەرنوێژی هەینی کرد و دەستیان کرد بە شوعاردان. پشتکردن لە کەسێکی وا، یانی پشت کردن لە ڕێژیم چونکە بەرنوێژی هەینی نوێنەری دیاریکراوی خامنەییە؛ ئەوە یەک نموونەیە نموونەی دیکەش زۆرن کە من ناچمە سەریان.

گرفتەکانی دیکە لە ئێراندا کە لە دنیادا کەمتر دەیزانن، بەڵام بۆخۆیان کەمتر لە گرفتە ئابوورییەکان نین زۆرن؛ یەکێک لەو شتانە مەسەلەی گەندەڵییە، لە حاڵێکدا کە خەڵک لە برساندا لە ئاشخاڵدانەکاندا خۆراک پەیدا دەکەن، گورچیلەکانیان دەفرۆشن، بەشێک لە بنەماڵەکان کچەکانیان دەفرۆشن، گەندەڵی زیاتر پەرەدەستێنێت. ئەمن چەند نموونەتان لەوە بۆ دێنمەوە: تەوەکۆلی کە پێشتر سەرۆکی ناوەندی لێکۆڵینەوەکانی مەجلیس بوو باس لەوە دەکات کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی گەیشتووەتە قۆناخی گەندەڵیی سیستماتیک.

گەندەڵی سیستماتیک چییە؟ لە هەموو دنیادا هەندێک دەزگا و ئۆرگان دیاری دەکرێن تاکوو لە گەندەڵی بکۆڵنەوە، لێپرسینەوە لە گەندەڵی بکەن،لە ئێراندا ئەو دامودەزگایانە بۆخۆیان گەندەڵن ئەوە دەبێتە گەندەڵی سیستماتیک؛ ئەوە قسەی ئێمە بە قەولی کۆماری ئیسلامی ئێران "ضد انقلاب" نییە بەڵکوو قسەی بەرپرسێکی باڵای ڕێژیمە کە ئەو مەسەلەیە مەترەح دەکات. یان ناوەندێک هەیە، ناوەندی شەفافیەتی ئابووری کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەموو ساڵێک بەراوردێک دەکات کە ئەو ڕێژیمانە لەباری گەندەڵییەوە لە چ دەرەجەیەکدان؟ لە چ ئاستێکدان؟ لە ساڵی ٩٦ دا ئەو ناوەندە باسی لەوە کردووە و دەڵێت لە نێو ١٧٧ وڵاتی دنیادا ئێران لە ئاستی ١٤٤مدایە! ئەوەی عەرزتانی دەکەم ئامارێکە کە ساڵێک لەوە پێش بڵاوکراوەتەوە، کە بە دڵنیاییەوە لە ساڵێک لەوەو پێشەوە ئاستی ئەو گەندەڵییە زۆر زۆر لەوە زیاتر بووە.

هەر لەو ڕۆژانەی ڕابردوودا زەریف وەزیری کاروباری دەرەوەی ڕێژیم ڕایگەیاند کە لە ئێران پوولشوویی (سپیکردنەوەی پارە) دەکرێت لە بانکەکان و ئەوانەی پوولشوویی دەکەن لە ئاستی سەرەوەدان، بۆیە ئەوانە ئیجازە نادەن کە ئەو قەرارادە لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەیە بۆ بەرگریکردن لە پوولشوویی لە مەجلیسدا پەسند بکرێت و لە ئێراندا بەڕێوە بچێت کە دیارە هەڵایەکی گەورەی لێ ساز بووە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و هەندێک لە نوێنەرانی مەجلیس داوایان کرد کە دەبێت وەزیری کاروباری دەرەوە ئیستیزاح بکرێت.

ئەو وەزعیەتە کە لە نێوخۆدا هاتۆتە ئاراوە، ڕۆژ بە ڕۆژ درزی نێوان دەسەڵاتدارانی ڕێژیم گەورەتر دەکاتەوە بەجۆرێک کە دەبینن ڕۆژ بە ڕۆژ ئەوانە لەسەر ئەو گەندەڵییانە قسە دەکەن. ئەو شتانەی کە ئێمە دەیزانین و خەڵک دەیزانێت ژمارەیەکی زۆر کەمن، وەکوو دڵۆپێک لە دەریایە کە لە گەندەڵییەکانی نێوخۆی حکومەتدا هەیە و خەڵک پێی نازانێ بەڵام ئێمە وەختێک هەر لە ڕووی قسەکانی ڕێژیم و ئەو هەواڵانەی کە لە دنیادا بڵاو دەبێتەوە دیقەت دەکەین ئەودەمی لێمان حاڵی دەبێت کە ئاستی گەندەڵی گەیشتووەتە کوێ؟

ئەمن کۆمەڵێک ڕاپۆرتم بەدەست گەیشتووەسەبارەت بە گەندەڵی لە نێو وەزارەتی ئیتلاعات؛ وەزارەتی ئیتلاعاتێک کە پێرسونێلەکەی جێگای ئێعتمادی ڕێژیمن، لە نێو ئەوانەدا گەندەڵی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێت تا ئێستا (تا ئێستا مەبەستم ئەوەیە لە ماوەی ئەمساڵدا) چەندین نەفەر لە کەسانی پایەبەرزی ئیتلاعاتیان گرتووە کە بە پووڵێکی کەم جاسووسی دەکەن بۆ وڵاتانی دیکەی دونیا.

نموونەیەکی دیکە کە زۆر زەقە و ڕەنگە ئێمە کەم دیقەتمان لێکردبێت و خەڵکی دنیا کەم دیقەتیان لێکردبێت، ئەوەیە کە نێو تۆن ئەسناد و مەدارکی ئەتۆمی ئێران لە تاران لەلایەن حکومەتی ئیسراییلەوە هێنرایە دەرێ! کێ تەسەور دەکات ئەگەر لە باڵاترین سەتح و لە کارمەندە باڵادەستەکانی ئیتلاعات لەو کارانەدا بەشدار نەبن، نێو تۆن مەدارک و بە هەزاران سیدی دەتوانن بهێننە دەرێ و بیگەیننە ئیسراییل؟ ئەوە ئاستی یەکجار بەرزی گەندەڵییە کە هیچ کەسیش ناتوانێ پێشی پێ بگرێ، ئەوە بەقەولی تەوەکۆلی وتی ئەوانەی کە دەبێت پێش لە گەندەڵی بگرن خۆیان گەندەڵن بەڵام گرفتەکان هەر ئەوە نین لە ئێران.

ئێران پلەی یەکەمی خۆسووتاندنی ژنان لە دنیای هەیە؛ خۆسووتاندن کاتێکە کە ئینسان ئەوەندە نائومێد دەبێت کە بێجگە لەوەی خۆی بسووتێنێت و لە نێو بەرێت هیچ ڕێگایەکی دیکەی بۆ نامێنێت. بەپێی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە ساڵی پار وەزارەتی تەندروستی بڵاوی کردووەتەوە نزیک بە ٢٤لەسەدی خەڵکی ئێران تووشی کێشەی دەروونین و نەخۆشی دەروونییان هەیە؛ نزیکەی ٤٠ لەسەد (ئەوە ئاماری پارن هاوڕێیان ) نزیکەی ٤٠ لەسەد لەو لاوانەی کە زانکۆ تەواو دەکەن لە ئێراندا بێکارن، ئێعتیاد کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەداخەوە ئەویش لە پەرەسەندندایە. ٢ میلیۆن و ٨٠٠ هەزار کەس مەواد مەسرەف دەکەن بە شێوەی دائیمی یان موعتادن؛ ئەوە بێجگە لەو سەدان هەزارەی دیکەیە کە بەشێوەی تەفەنونی بەکاری دەهێنن، ئەو وەزعیەتە کۆمەڵایەتی و دەروونییە بووەتە هۆی ئەوەیکە لە ئێراندا توندوتیژی ئەویش وەکوو دیاردە دزێوەکانی دیکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرە دەگرێت خەڵک تەحەمولی نییە، حەوسەڵەی نییە، بەکەمترین شت تەحریک دەبێت، پێک هەڵدەپڕژێن، شەڕ دەکەن، یەکتر دەکوژن؛ ڕێکخراوی پزیشکی یاسایی ئێران ڕایگەیاندووە (کە دیسانەکەی ئاماری پارەکانییە) لە ماوەی ٨ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو زیاتر لە ٤٠٠ هەزار بریندراری پێکهەڵپڕژان گەیەندراونەتە نەخۆشخانەکان.

ئێستا هەموو ئەوانە بهێننە بەرچاوی خۆتان، ئێرانێکی سەیر و سەمەرەتان بۆ وێنا دەبێت کە بێدەرەتانی، نائومێدی و گەندەڵی سەرتاپای داگرتووە. وڵاتێک کە کەسیش نییە لە فکری چارەسەریدا بێت ئەوە وەزعی ئێرانە، بۆیە پێم وایە وەزعی ئێران ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو خراپی زیاتر دەچێت، نارەزایەتییەکان پەرە دەگرێت، بەرپرسانی ڕێژیمیش لە چارەسەرکردنی ئەم گرفتانە ناتەوانن ئەوە لە نێوخۆی وڵاتدایە، نێوخۆی وڵات موهیمترین عاملە بۆ ئەوەیکە حکومەتێک سەربکەوێت یان حکومەتێک تێک بشکێت بەڵام دەرەوەی وڵاتیش کە کۆماری ئیسلامی ئێران هەموو ئەوەی کە لە گەندەڵی خۆیان لە دزی خۆیان ماوەتەوە سەرفییان کردووە لە دەرەوەی وڵات بۆ گرووپە تیرۆریستییەکان وەکوو حیزبوڵلا، حەشدی شەعبی عێراق و حوسییەکانی یەمەن و تیرۆریزم لە هەموو دنیادا سەرفییان کردووە کە بە قەولی خۆیان نفووز و دەسەڵاتی شیعە لە دنیادا پەرە پێبدەن ئێستا وردە وردە ئاڵوگۆڕەکان نیشان دەدەن کە کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەش مەیدانی پێ تەنگ دەکرێتەوە .حەتمەن هەمووتان خەبەری ئەوەتان بیستووە کە ئەو ڕۆژانە بەخۆشییەوە یەمەن هەندێک هەنگاوی بەرەو ئاشتی هەڵێناوە، ئێستا بەندەری حەدیدە کە لەوێڕا خواردن و دەرمان وشتی وایان بۆ خەڵک دێنا ئەوە تەحویل دراوە بە هێزەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و خەریکی وتووێژن بۆ ئەوەیکە بتوانن ئەو گیروگرفتانە چارەسەر بکەن. لە سووریە لەگەڵ ئەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران زۆرترین هەزینەی لە سوورییەدا داناوە هەم لە باری گیانییەوە هەم لەباری دارایییەوە، بەڵام لەوێش وەزعیەتێک هاتووەتە پێش کە کۆماری ئیسلامی بەرەو داکشانە، بەرە و پاشەکشەیە. ئێستا بە گوێرەی ئەو خەبەرانەی من تەعقیبم کردووە و دەردەکەون ئەوەیە کە پاشەکشەی هێزەکانی ئامریکا ژێربەژێر سازشێکی تێدا هەیە لەگەڵ لایەنەکانی دیکە وەکوو تورکیە و ڕووسیە کە جێگا بە کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لێژ بکات بۆ ئەوەی پاشەکشە بکات لەوێ، لە عێراقدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ژێر فشاردایە هەر لە ماوەی ١٠- ١٥ ڕۆژی ڕابردوودا دوو، سێ جار بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی ڕایانگەیاند کە ئێمە هیچ موشاوێرێک و سەربازێکمان لە عێراقدا نەماوە هەمووی پاشەکشەی کردووە، کە ئەگەر تەنانەت درۆش بکەن ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە عێراقدا لەژێر فشاردان و وردە وردە هێزەکانیان کەم دەکەنەوە یانی ئێران واوێدەچێت لە سیاسەتەکانی دەرەوەیشیدا مایەپووچ دەرچووبێت.

ڕێژیمێکی ئاوا کە لە نێوخۆی وڵاتدا هیچ پاڵپشتێکی نییە و لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا بێزراوە و کەوتووەتە ژێر گەمارۆیەکی سەختی ئامریکا و وردە وردە لە پێوەندی لەگەڵ هەندێک مەسایلی وەک مووشەکەکان، ئورووپاش لەگەڵ ئامریکا موتەحد دەبێت، ئیدی ڕێژیمێکە کە دەسەڵاتەکەی بەرەو داڕووخانە، ئەوەی ئێستا ڕێژیمی لە نێوخۆدا هێشتووەتەوە تەنیا سەرکوتەکەیەتی دەنا هیچی بەدەستەوە نییە بۆ خەڵک، وەک عەرزم کردن مەشروعیەتی ئایینی لەدەسداوە، ئێعتمادی خەڵکی لەدەس داوە، لە بەرامبەر چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵك لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی دۆشداماوە، لە باری ئەمنیەتییەوە گوشاری بۆ خەڵك زیاتر کردووە، ئەوە ئیدی ئەو ڕێژیمە بۆ مانەوە نابێت کەوابوو دوو حاڵەت بۆ ئەو ڕێژیمە هەیە یا بەرەو لاوازییەکی یەکجار زۆر دەچێت، یان نەخێر لە ژێر ئەو فشارانەدا دەڕووخێت؛ کە دەڵێین دەڕووخێت ئەو جار مەسەلەی ئێمە دێتە پێشێ، ئێمە وەکوو کورد چی دەکەین، ڕووخانی ڕێژیم نەتیجەکەی بۆ ئێمە دەبێتە چی؟ ئەو وەزعیەتەی کە ئەمن ئیشارەم پێکرد نزیکەی سێ ساڵ لەوەوپێش لە ڕێبەرایەتی حیزبی دێموکراتدا باسی لێکراوە پێشبینی کراوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەو جۆرە بەهێز نییە کە بۆخۆی باسی دەکات بەڵکوو دەورانی پاشەکشە و زەعیف بوونەکەی دەستی پێکردووە بۆیە حیزبی دێموکرات لەو کاتەوە خۆی ئامادە کرد بۆ خەباتێکی نوێ، بۆ ئەوەی بە ئامادەییەوە پێشوازی بکات لەو ئاڵوگۆڕانەی کە لە ئێران دێنە پێشێ و لە مەنتەقە دێنە پێشێ ئەو خەباتە خەباتی نوێمان بوو کە خەڵکەکەمان لە کوردستاندا ناویان نا ڕاسان.

بە کورتی ئەگەر عەرزتان بکەم ڕاسان چییە یان ئامانجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاسان چییە ئەوەتان عەرز دەکەم کە ڕاسان بریتییە لە لێکگرێدانی خەباتی شاخ و شار؛ شار ناوەندی خەباتە ناوەندی ئاڵوگۆڕە و ئێمە وەک حیزبی دێموکرات دەبێت تەکیە بکەینە سەر خەباتی شار چونکە خەباتی شارە کە یەکلاکەرەوەیە. لێرەدایە کە ئەندامانی حیزب هەڵسووڕاوان و چالاکانی حیزب دەتوانن گەورەترین دەور بگێڕن لە سازماندانی خۆپێشاندانەکاندا، لە هیدایەت کردنیدا، لە درووشمەکاندا هێزی خۆیان نیشان بدەن، پێشمەرگە یا شاخ پشتیوانی ئەو خەباتەیە.

ئەگەر ئێمە یان هەندێک لە ئێمە پێشتر نەزەریان ئەوە بوو کە پێشمەرگە بە چەکەکەیەوە دێتەوە خەڵک ڕزگار دەکات و ڕێژیم دەڕووخێنێت ئێستا ڕاسان ئەو خەباتی نوێیە دەڵێت خەباتی مەدەنی و خەباتی خەڵك چەقی خەباتە و پێشمەرگە یارمەتیدەری ئەو خەباتەیە وەکوو پشتیوانێك بۆ خەباتی شار بەڵام ئەو دووانە یەکتر تەکمیل دەکەن هیچ یەکیان بێ ئەوی تر ناتوانێت ئامانجەکان بە دەست بێنن، ئامانج چییە؟ ئامانج لە خەباتی نوێ، لە ڕاسان بریتییە لەوەیکە ڕۆژهەڵات یان کوردستانی ئێران دەبێ ببێتە هێزێکی شوێندانەر. هێزی شوێندانەر لەبەر ئەوەیکە هەم لە ئێران، هەم لە دەرەوە لە وڵاتانی دەوروبەر حیسابی بۆ بکەن.

ڕەنگە ئەگەر ئێمە لە وڵاتێکی دیموکراتیکدا ژیابایەن، زۆر پێویست نەبووایە ببینە هێز، بەڵام ئێمە وەکوو کورد و دیارە باقی نەتەوەکانیش لە هەلومەرجێکدایەن کە لەگەڵ ڕێژیمێک بەرەوڕووین کە دژی مافی نەتەوەکانە کەوابوو لەلایەن ڕێژیمەوە ئومێد بەوە نییە کە ئێمە مافی خۆمان وەربگرین تەنانەت دوای ئەو ڕێژیمەش بەداخەوە زەمینەیەکی وەها نابینین کە دڵنیا بین ئێمە مافی خۆمان بەدەست دێنین چونکە ئەوانەی کە لە زۆرایەتیدان زۆر کەیفیان بە مافی کورد نایە، هەر ئێستا ئەگەر دیقەتتان کردبێ لە تەبلیغات و قسەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی کە هێشتا خۆیان دەربەدەرن لە ئێران، وەدەریان ناون کە باس لە مافی نەتەوەکان دەکەی هەموویان هەڵدەبەزنەوە ئەوە لایەنێکی مەسەلەکەیە، لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە ئێمە ناتوانین بەبێ ئامانج خەبات بکەین کەوابوو دەبێ ببینە هێزێك، ئەو هێزە شوێندانەر بێت لەسەر هەموو لایەنەکان و نەتوانن پەراوێزمان بخەن، ئەو هێزە وەکوو عەرزم کردن لە خەباتی شاخ و شار پێکەوە دروست دەبێت، حیزبی دێموکرات ئاڵاهەڵگری ئەو بەهێزبوونەیە. بەڵام هەر تەنیا ئەوەش نییە کە پێشمەرگە لەگەڵ ئەندامانی حیزب ئەو هێزە پێک دێنن بەڵکوو دەبێت چەتری حیزبی دێموکرات ئەوەندە بەربڵاو و گەورە بێت کە هەموو ئینسانە نیشتمانپەروەرکان، ئازادیخوازەکان وەهەموو ئەوانەی کە لە ستەم بێزارن و دەیانەوێت لە ژێر ستەم ڕزگاریان بێت بتوانن لە ژێر چەتری حیزبی دێموکراتدا جێگایان ببێتەوە؛ بۆیە لە خەباتی نوێدا حیزبی دێموکرات دەروازەکانی بەرەوڕووی خۆیدا کردووەتەوە، لە دوایین کۆنگرەماندا هەندێک بڕیارمان داوە مەسەلەن چۆنیەتی تەعامول کردنمان لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەی لە ئێمە جیابوونەتەوە، لە کۆنگرەدا بڕیار دراوە کارکردن و پێکەوە هەڵکردنمان کراوەتر بێت. ئێستا حیزبی دێموکرات لە هەر جێگایەک کوردێکی نیشتمانپەروەر کە بتوانێت خزمەت بەو خەباتە، بەو ئامانجە، بەو خەباتە نوێیە بکات پێشوازی لێدەکات. بۆیە ئێمە ئێستا بەرپرسمان هەیە بەرپرسی زۆر کاریگەر کە ئەندامی حیزب نییە خەڵک دەعوەت دەکەین بۆ ئەوە، هاوکاریکردنمان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی دیکە، ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی ڕەوتێکی نوێی بەخۆیەوە گرتووە ئێمە دەوری کاریگەرمان هەبووە لە پێکهێنانی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێران کە ئێستا پێکەوە کاردەکەین، ئێستا خەریکی ئامادەکردنی پلاتفۆرمێکین لەو ناوەندەدا کە ئێمەش ئێعلامی کەین ئەوە بەرنامەی ئێمەیە و هەوڵ بدەین دۆست پەیدا بکەین لە نێوخۆی ئێراندا، و هەوڵدانمان بۆ ئەوەیکە ئەو ئێرانییانەی کە باوەڕیان بە مافی کورد هەیە، بە مافی نەتەوەکان هەیە، بتوانین لەگەڵیان پێوەندی و هاوکاری دابمەزرێنین ئەوە بوو کە دەبینن دوای ماوەیەکی نزیک لە دوو ساڵ وتووێژ کردن توانیمان لەگەڵ ١٠ حیزب ناوەندێکی هاوکاری و هاوپەیمانی پێک بێنین و ئێستا بەرنامەمان هەیە لەوە زیاتر بچینە پێشێ، لەهەر جێگایەک هەست بکەین کە هاوکار هەیە، توانا هەیە و دەتوانێت لە خزمەتی ئەو خەباتەدا قەرار بگرێت، دەبێت حیزبی دێموکرات باوەشی ئاوەڵا بێت بۆی، ئێمە هەم لە خەباتی حەفتا و چەند ساڵەماندا، هەم لە خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستاندا بۆمان دەرکەوتووە بەتایبەت لە دنیای ئەوڕۆدا کە ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتووە، هیچ نەتەوەیەک تەنیا بە ئەندامانی مەبەستم لە خەباتی ڕزگاریخوازییە، ناتوانێت بە بەتەنێ بە پێشمەرگەکانی بتوانێت ڕزگاری بکات بەڵکوو دەبێت ببێتە هێزی شوێندانەر و هێزی شوێندانەریش بەو مەرجانە جێبەجێ دەبێت. کەوابوو دەبێت دڵمان بەقەد حیزبەکەمان ئاوەڵا بێت، بە قەد حیزبەکەمان گەورەبێت، خەڵکی دیکەش ببینین کە لەو خەباتەدا خوێن دەدەن، زەحمەت دەکێشن، ئەوانیش ببینین، حورمەت دابنێین بۆ کارو تێکۆشانی خەڵکی دیکە، بۆ ئەوەی بتوانین هاوکارییان لەگەڵ بکەین، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵیان بگونجێین بۆ ئەوەیکە بتوانین ئەو هێزە کۆبکەینەوە. هاوڕێیان، دەبێت لەو فکرە بێینە دەرێ کە هەموو شتێک هی حیزبی دێموکراتە، هەر حیزبی دێموکرات خوێنی داوە، هەر حیزبی دێموکراتە زەحمەت دەکێشێ، ئەگەر ئاوا بیر بکەینەوە ناتوانین لەگەڵ کەس هاوکاری بکەین، ناتوانین هیچ هێزێک لە نێوخۆماندا تەحەمول بکەین، ڕەمزی سەرکەوتنی خەباتی ئێمە لە کوردستانی ئێراندا بەستراوەتەوە بەوەیکە ئەو سینگ فراوانییە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەی پێبدەین، لە بەستراوەبوون، هەموو شتێک بەخۆمانەوە قەتیس کردن و حورمەت دانەنان بۆ ڕەنج و تێکۆشان و عارەقی خەڵکانی دیکە هیچ شتێکمان دەس ناکەوێت جگە لەوەی بمانخاتە پەراوێزەوە، بەپێچەوانەشەوە لەو سینگ فراوانییەی ئێمە دەتوانین خەباتەکەمان بەرینە پێشێ و ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر پەرەی پێبدەین نەتیجەی ئەو سیاسەتە ئێمە ئێستا دەیبینین.

هەنووکە بۆخۆتان دەبینن گەنجەکانی ڕۆژهەڵات بە کوڕ وکچەوە ڕوو دەکەن لە حیزبی دێموکرات، خەڵکی ئێمە لە دەرەوەڕا دەگەڕێنەوە بە ئیفتخارەوە دێن کار دەکەن، ناو و ناوبانگی حیزبی دێموکرات لە مەنتەقەدا، لە هەرێمی کوردستاندا، لە کوڕ و کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکاندا، ئاڵوگۆڕێکی گەورەی بەسەردا هاتووە، ئێمە دەبێت ئەوانە ببینین، ئەوانە نەتیجەی ئەو خەباتە نوێیەن کە حیزبی دێموکرات دەستی پێکردووە کەوابوو ڕێگەکەمان دروست بووە و ئەو ڕێگایە نابێت لێی پەشیمان ببینەوە، ئەو ئامانجە بەرزەی کە هەمانە کە ڕزگاری کوردستانی ئێرانە لەدەست ستەم زۆر بەرزە، زۆر پیرۆزە، داواتان لێدەکەم بە شتی چووکە بە شتی ورد، خەوشداری مەکەن، هەموو وەزیفەی خۆمان باش ئەنجام بدەین، لەم وەختەدا وەزیفەکانمان زۆر قورسن و هەموومان دەبێت شانی بدەینە بەر.

هاوڕێیان خەباتی نوێ پێویستی بە بیری نوێ هەیە، بە فکری نوێ هەیە، گەلی ئێمە لە ڕابردوودا لە ماوەی حەفتاو چەند ساڵی ڕابردوودا، خەباتی زۆری کردووە خوێنی زۆری داوە بەڵام ئێستا ناتوانین خەباتەکەمان بەو شێوەی پێشوو درێژە پێبدەین چونکە دنیا ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە ئێمە ناتوانین لە دنیایەکدا کە ئاڵوگۆڕی بەسەرداهاتووە لە دنیایەکدا کە ڕۆژ بە ڕۆژ شتی تازە دێتە ئاراوە ئێمە هەر لە چوارچێوەیەکی داخراوی قەتیسکراودا بمێنینەوە هەر پێمان وابێت بە شێوەی قەدیم بتوانین کاربکەین، شێوەی قەدیم بۆ خەباتی قەدیم بوو ئێستا دەبێت ئێمە بە شێوەی ئەوڕۆ کاربکەین دەنا ناتوانین بچینە پێشێ، بەتایبەت لەو کاتوساتەدا کە دەڵێین ئێران بەرەو ئاڵوگۆڕ دەچێت، ڕۆژهەڵاتی نێوڕاست بەرەو ئاڵوگۆڕ دەچێت و هەستیارترین هەلومەرجی بۆ ئێمە پێکهێناوە، ئەگەر ئێمە نەتوانین بە فکرێکی ئاوەڵاوە بە بەرنامەیەکی نوێوە بەرەو پێشوازی ئەو ئاڵوگۆڕانە بچین جێی نیگەرانییە کە جارێکی دیکە خەبات و تێکۆشانی ئێمە ڕەنج بە خسار بێت، بەڵام ئەگەر بە وریاییەوە بچینە پێشێ بەرنامەی تازەمان هەبێت وەک ئەو خەباتە نوێیەمان، بێگومان سەرکەوتن بۆ ئێمە دەبێت، ئێمە دەتوانین لە خەباتەکەماندا نەتیجەی باشتر وەربگرین بەڵام ئەو کرانەوەیە دەگەڵ ئەو دەسکەوتانەی کە تا ئێستا هەمان بووە بە هیچ جۆر مانای ئەوەی نییە کە ئێمە لە واقعیاتی ئەمڕۆی دنیا دووربخاتەوە تووشی غرورمان بکات لە بیرمان نەچێت کە سەرکەوتن لە هەموو جێگایەک لە هەموو شەڕەکانی دەوڵەتەکان بەستراوە بە دوو شتە یەکەم هێزی خۆت باش بناسیت، ئێمە چیمان بۆ دەکرێت، خاڵی دووهەم ئەوەیە کە هێزی دوژمنەکەت بناسی.

لە بیرتان نەچێ کە دروشمی حیزبی دێموکرات پێکهێنانی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵە، تکرای دەکەمەوە ئێرانێکی دیموکراتیکی فێدراڵ، فێدراڵ یانێ چوارچێوەی ئێران، یانێ ئێمەی کورد ئەمانەوێ لە چوارچێوەی ئێراندا بژین، بەڵام هێندێک خەڵکی ئێمە کە من ئێحترامم بۆ نەزەریان هەیە وەختێک لە گەڵ ئەو ١٠ حیزبە هاوپەیمانیمان واژۆ کرد کە بە نەزەری من سەرکەوتنێکی باش بوو لە بواری سیاسییەوە، دەستیان کرد بە هێرش کردن.

ڕەنگە هەرکام لە ئێمە وەکوو ئینسانێکی بێ بەش کراو، وڵات دابەش کراو، لە ژێر ستمی عەرەب و تورک و فارس، ئارەزوو بکەین کە ڕۆژێ وڵاتی ئێمە سەربەخۆ بێت کە ئێمەش وەکوو هەموو وڵاتانی دنیا سەربەخۆییمان هەبێ هیچمان لە خەڵکی دنیا کەمتر نییە بەڵام حیزبی دیموکرات پێی وایە ئێستا ناتوانێ، ئێستا ئەگەر بتوانێ لە ئێرانێکی دیموکراتیکی فێدراڵدا بتوانێ حکومەتی خۆجێیی خۆی بە دەستەوە بگرێ و وڵاتەکەی ئاوەدان بکاتەوەو کەموکورییەکانی چارەسەر بکات ئەوە بەرنامەیەکی سەرکەوتوو دەبێ بۆیە دەبێ دیقەت بکەین لەو مەسەلانەدا وەختێک دروشمەکان قازانجیان بۆمان نییە پێویست ناکا ئارەزووی دڵی خۆمان هەڵڕێژین، ئارەزووی دڵمان لە دڵمانداو جێگای ڕێزە، هەموومان ئەو ئارەزوویەمان هەیە ئەمە کوردیەکەیەتی بەڵام چیمان پێ دەکرێ.

لە بیرمان نەچێ کە سەرکەوتنی سیاسیش کەم وایە کوتوپڕ هەموو دەسکەوتەکەت بە دەس کەوێ، قۆناغ بە قۆناغ، ئەورۆ قۆناغێک دەچیە پێشێ، سبەینێ هەنگاوێکی دیکە، دووسبەیش هەنگاوێکی دیکە دەچیە پێشێ تا تۆ دەگەی بە ئارەزووەکانت. خەبات بڕانەوەی نییە بەردەوامە، تا ژیان هەبێ خەباتیش هەیە، لەوەشدا دەبێ وریا بین، فریویی قسەی ئێحساساتی و دوور لە واقعیەت و توانامان نابێ بکەین.

سیاسەت کایەیە ئەتۆ دەتوانی واردی کایەیەک نەبی، نەچی فوتباڵ نەکەی ئەمن فوتباڵ ناکەم بەڵام کە چوومە نێو فوتباڵ دەبێ قانوونەکانی فوتباڵ لەبەرچاو بگرم، کە دەڵێم فێدراڵیخوازم لە ئێراندا دەی فێدراڵی کایەیەکی سیاسییە کە واردی بوم یانی چوارچێوەی ئێران بۆ من موهیمە، ئەو کایەیە لەگەڵ کایەی سەربەخۆیی جیاوازە ناتوانم لە عەینی حاڵدا کە فێدراڵیخوازم بچمە مەیدانی کایەی سەربەخۆییخوازیش.

کەواتە دەبێ لە باری فکر و تێگەیشتن و لێکدانەوەی سیاسیشەوە دەبێ وریا بین، ئێستا سەردەم سەردەمی سیاسەتی درووست و بە بەرنامەیە تۆ کە دەڵەی ئەمن فێدراڵیخوازم بەڵام دروشمی سەربەخۆیی دەدەی ئیدی بۆ هەمووکەس ڕونە هیچ بەرنامەیەکی سیاسیت نییە یا تێناگەی لەو قۆناغە هەستیارەدا داوا دەکەم هەموومان هەوڵ بدەین بۆ کار کردن لە سەر ئەو مەبەستانە.

دیارە قسە زۆرە بەڵام وەختەکەش کەمە بەڵام ئەو خاڵانە کە باسم کرد پێم وابوو لەو سەردەمەدا بۆ ئێمە گرینگن بۆیە لێرە پێشکەشم کردن؛ هیوادارم بە کەڵک بووبێ و لە داهاتووشدا ڕێکخستن لە سەر ئەو بەرنامانە چاوەدێری بکا بۆ ئەوەی کە شۆڕ بێتەوە بۆ نێو هەستەکانی حیزبیمان، بۆ نێو شانەکانی حیزبی، بۆ نێو خەڵکەکەمان، بۆ ئەوەیکە بتوانین لەو کاتوساتەدا بە درووستی هەنگاو بنێین و بەرەو پێش بچین. زۆر سپاستان دەکەم.

# کورتەیەک سەبارەت بە خەباتی نەتەوەیی، قۆناخ و تایبەتمەندییەکانی

د. میرۆ عەلیار

## بەشی ٢

تایبەتمەندییەکانی خەباتی نەتەوەیی

خەباتی نەتەوەیی خەباتێکی ئاستەم، نابەرابەر و پرتێچووە. بۆیە، گەلی ژێرستەم بۆ ئەوەی هەوڵ و تێکۆشانی بۆ ئازادی بەلاڕێدا نەچێ و سەربکەوێ، دەبێ تایبەتمەندییەکانی خەباتی نەتەوەیی باش بناسێ و ڕەچاویان بکا و بەوردی پابەند بێ بە "قواعد بازی" خەباتی نەتەوەیی.

• خەباتی نەتەوەیی وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، بەپێچەوانەی خەباتی ئیدئۆلۆژیکی یان چینایەتی یان فیرقەیی یان مەزهەبێکی تایبەتی، خەباتی یەک نەتەوەیە بە هەموو چین و توێژ و پێکهاتەکانیەوە بەهەر بیروباوەڕێکی سیاسی و مەزهەبییەوە.

پرسی نەتەوەیی، پێوەندیی بە هەموو لایەنەکانەوە هەیە و مەسەلەی ڕەوتێک و حیزبێک و دوو حیزب نییە و تەنیا بەبەشداریی بەرفراوان و هێزی یەکگرتووی لایەنەکانی نێو بزووتنەوە بە ئامانج دەگا.

ئەزموونی جووڵانەوەکانی کورد لە ئێستا و ڕابردوودا دەیسەلمێنێ کە هەرکاتێک حیزبێک ویستبێتی بە پشتبەستن بە چەک یان بەهەر هۆیەک، پاوانخوازیی بکا و خۆی بە تاقەخاوەنی جووڵانەوە بزانێ و پرسە نەتەوەییەکان بکا بە پرسی حیزبەکەی و لایەنەکانی دیکە لەبەرچاونەگرێ، بەدەستی خۆی جووڵانەوە بەرەو دووبەرەکی و هەڵدێر و هەرەسهێنان پاڵ پێوەدەنێ. ئەوە سروشتی خەباتی نەتەوەییە و نەسەلماندنی ئەو ڕاستییە ڕێگای گەیشتن بە ئازادی دوورتر و هەزینەی خەبات زیاتر دەکات.

"نەتەوە" ملکی تایبەتی هیچ حیزب و لایەنێک نییە و هەر بەو جۆرەش، خەباتی نەتەوەیی لە پاوانی هیچ حیزب و ڕێکخراوێکدا نییە. سروشتی خەباتی نەتەوەی ژێرستەم ئەو ئەسڵە دەسەلمێنێ و دەسەپێنێ کە هەموو لایەنەکان مافی ئەوەیان هەبێ بەپێی توانایان لە خەباتدا دەور بگێڕن و لەپێناو سەرخستنی جووڵانەوەدا، مافی بەشداربوون لە دیاریکردنی سیاسەتەکانی جووڵانەوەیان بۆ دەستەبەر بکرێ.

• خەباتی نەتەوەیی گەلێکی ژێرستەم لە ماهییەتدا جیاوازە لە خەباتی هێزێکی سەرانسەری بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە ناوەندا. ئەو دوو خەباتە خاوەنی بارودۆخ و "قواعد بازی"ی جیاوازن.

• جووڵانەوەی گەلی بندەست بەتەنیا، بەدیل نییە بۆ حکوومەتی ناوەندی، واتە ئێمە بۆ جێگرتنەوەی دەوڵەت لە ناوەند تێناکۆشین. لە ئێرانێکی فرەنەتەوەی دێموکراتیکدا، کورد بە یەکگرتوویی دەتوانێ ببێتە بەشێکی قورس و کاریگەر لە بەدیلێک و لە نیزامێکی فیدراڵیدا، بەپێی ئاستی بەهێزبوون و سەقامگیریی سیاسی کوردستان بەهۆی نوێنەرەوە لە دەسەڵاتی ناوەندیدا بەشدار بێ.

• چەک و پووڵ بۆ بەرێوەبردن و بەردەوامیی ڕاپەڕین و خۆڕاگری پێویستن و دەوری گرنگی خۆیان دەگێڕن، بەڵام مێژووی خەباتی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەیسەلمێنێ کە چەک و پووڵ، هەرچەندی زۆریش بن، بەتەنیا بۆ سەرخستنی بزووتنەوە و گەیاندنی بە ئامانج بەس نییە.

هێزی نیزامی ئەوکاتە دەتوانێ دەسکەوتی سیاسی- نەتەوەیی دابین بکا یان بیانپارێزێ کە ڕێبەرایەتی سیاسیی هەواهەنگ و یەکگرتووی لە پشت وەستابێ. ڕووداوەکانی سێ چوار ساڵی ڕابردووی بەشەکانی کوردستان ڕاستبوونی ئەو بۆچوونە بە باشی دەردەخەن.

مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازی نیوسەدەی ڕابردووی کورد بەڕوونی شایەدی دەدا کە لە هیچکام لە جووڵانەوەکاندا ، لاوازیی نیزامی هۆکاری سەرەکی شکان و هەرەسهێنانی ڕاپەڕین نەبووە، بەڵکوو لاوازیی سیاسی بۆتە هۆی بە ئاکامنەگەیشتنی لێبڕاوی و فیداکاری هێزی پێشمەرگە.

• لە تایبەتمەندییە دیارەکانی خەباتی نەتەوەیی ئەوەیە کە ڕێژیمی حاکم سەرجەم نەتەوەکە بە هەموو پێکهاتەکانییەوە بە دوژمن دەزانێ و دەیکاتە ئامانجی سەرکوت. لە چەوساندنەوە و هەڵاواردنەدا جیاوازی دانانێ و بۆ سەرکوتکردنی نەتەوەی ژێرستەم لە هیچ جینایەتێک دەست ناپارێزێ: کاولکردنی کوردستان، هێرشی نیزامی، دووبەرکینانەوە، تێرۆری ڕێبەران و چالاکانی سیاسی- مەدەنی، شێواندنی وەزعی ئابووری، کوشتنی کۆڵبەری زەحمەتکێش، ئێعدامی ڕووناکبیر و لاوانی کورد، تووشکردنی تەنانەت قوتابیان بە مادده هۆشبەرەکان، تاڵانکردنی سەرچاوە و ئاو و ئاسەوارە مێژووییەکانی کوردستان، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی هەرچەشنە هێمایەکی نەتەوەیی... تەنانەت ئەو کەسانەش کە خزمەت بە ڕێژیمەکە دەکەن، ئەگەر کار بە خزمەتەکەیان نەما، بۆ لەنێوبردنیان سڵ ناکرێ.

بۆیە هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگا هەزینەی خەباتی نەتەوەیی دەدەن و مافیان بەسەر خەباتەوە هەیە.

• هەزینەی خەباتی نەتەوەیی قورس و گرانە و هیچ حیزب و لایەنێک بەتەنیا هەتا سەر تاقەتی وەخۆگرتنی ئەو تێچووەی نییە و دەبێ دابەش بکرێت. هەروەها، بۆ ئەوەی چارەنووسی خەبات بە تاقە لایەنێکەوە نەبەسترێتەوە و شکان یان پاشەکشەی حیزبێک نەبێتە هۆی شکستی جووڵانەوە و بەردەوامبوونی خەبات دەستەبەر بکرێ، دەبێ هەموو لایەنەکان خۆیان بە بەرپرسیار و بەشێک لە خەباتەکە بزانن.

• یەکێک لە چەکە هەرە کاریگەییەکانی خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز، بوونی کولتووری سیاسیی دێموکراتیکی سەربەخۆیە، کولتوورێک کە پێویستە لە هەموو ڕەهەندەکانی (ئەبعاد) خۆیدا جیاوازیی ئاشکرای لەگەڵ کولتووری دەسەڵاتی کۆنەپەرست و چەوسێنەر هەبێ.

ئەو جیاوازیە کولتوورییە دەبێ بەتەواوی بۆ خەڵک و بیروڕای گشتی دیار و ئاشکرا بێ و ببێ بە ئۆلگوو. خەبات پێویستیی بە کولتووری بەدیل هەیە، کولتوورێک کە خەڵک و حاکمییەت لێک جیا دەکاتەوە و خەڵک و خەبات بەیەکەوە گرێ دەدا.

• پێوەندی ڕاستەوخۆی نێوان خەباتی نەتەوەیی و دێموکراسی: بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خاڵانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکرا، دەبێ بەو قەناعەتە بگەین کە خەباتی نەتەوەیی بە هێز و ئیعتبار سەردەکەوێ و هێز و ئیعتباری جووڵانەوەی ڕزگاریخواز بە تێکۆشانی بەردەوام و هەواهەنگ و بە هێزی یەکگرتووی سیاسی و نیزامیی ئەکتەرەکانی نێو بزووتنەوە دابین دەکرێ و ئەو ئامانجەش، تەنیا لەژێر سێبەری دێموکراسی و دەروەستبوون بە پێوەرەکانی دێموکراسی وەدی دێ و دەبێتە واقعییەت.

جووڵانەوەی نەتەوەیی- دێموکراتیک بۆ گەیشتن بە ئامانج، دەبێ بەکردەوەش نەتەوەیی و لە نێوخۆشیدا دێموکراتیک بێ و بڕوای بە مناسباتی دێموکراتیک هەبێ، دەنا تووشی ئاڵۆزی نەزەری و فیکری و ناتەبایی و دووبەرەکی دەبێ. لەگەڵ هیچ مەنتقێک ناگونجێ کە ئامانجەکانی جووڵانەوەیەک دێموکراتیک بن، بەڵام خودی جووڵانەوەکە پێوەرەکانی دێموکراسی بەهەند نەگرێ و بە شێوەی دێموکراتیک بەڕێوە نەچێ!

دێموکراسی لانیکەم لە سێ لاوە بۆ جووڵانەوەی ڕزگاریخواز پێویست و یەکلاکەرەوەیە:

١. لە خەباتی نەتەوەییدا ژمارەیەکی زۆر حیزب و ڕێکخراوەی سیاسی بە بەرنامە و پلان و تێڕوانینی جیاوازەوە بەشدارن و بۆیە ئاساییە کە هەمیشە کۆمەڵێک پرس و ناکۆکی و بیروبۆچوونی جیاوازیش بێنە پێشێ کە ئەگەر بمانەوێ ئەو مەسەلانە نەبنە کێشە و دووبەرەکی و گرژییان لێ ساز نەبێ، دەبێ بەشێوەی سیاسی و دیالۆگ یەکلا بکرێنەوە.

٢. جووڵانەوەی نەتەوەی بندەست، بەتایبەتی بۆ قەرەبووکردنەوەی نابەرابەریی هێز لە بەرامبەر ڕێژیمی پۆشتە و دیکتاتوردا، پێویستیی بە یەکیەتی و هاوپێوەندی و خەباتی یەکگرتوو و بەشداریی چالاکانەی خەڵک و حیزب و ڕێکخراو و لایەنەکانی دیکەی نەتەوە هەیە.

٣. دەروەستبوون بە پێوەرەکانی دێموکراسی پێش بە هەڵایسانی شەڕی نێوخۆ و ئەسپاردنی "چارەسەرکردنی" ناکۆکی و جیاوازییەکان بە چەک، دەگرێ. بزووتنەوەی نەتەوەی بندەست بەرگەی دووبەرەکی و کێشەی نەبڕاوە و پێکهەڵپڕژان ناگرێ.

بەپێی ئەزموون، تەنیا دێموکراسی دەتوانێ بەستەڵەکی ئیدئۆلۆژیک بیرکردنەوە و تێڕوانینی ئیدئۆلۆژیک لە سیاسەت بتوێنێتەوە. دێموکراسییە کە توانای دابینکردنی ئەو سێ ئامانجەی سەرەوەی هەیە. دێموکراسییە کە زەرفییەت و ئیستعدادی کۆکردنەوە و وەسەریەکخستن وموديريەتكردنی جیاوازی و ناکۆکییەکانی هەیە و ناهێڵێ ناکۆکی و جیاوازیی بیروڕا و بەرنامەی سیاسی، شەڕی نێوخۆیی و کارەساتی بۆ جووڵانەوە لێبکەوێتەوە.

بەکورتی: هەرچەندی لێی ورد ببیەوە و بە هەر بارێکدا هەڵیبسەنگێنی و لێکیبدەیەوە، بەبێ بڕوا بە دێموکراسی و پابەندبوونی ئەکتەرەکانی نێو جووڵانەوە بە ئوسووڵی دێموکراسی، بەستێنی یەکگرتن و هاوپێوەندی و خەباتی هاوبەش و بەشداری خەڵک و لایەنەکان ئامادە نابێ و خەباتی نەتەوەیی ڕزگاریخواز گەشە و پەرە ناستێنێ و سەرکەوتن و گەیشتن بە ئامانج دەستەبەر نابێ.

بۆ بەڕێوەبردنی خەباتی نەتەوەیی ئاڵتێرناتیڤێک بۆ دێموکراسی و سەلماندنی ئوسووڵی دێموکراسی نییە.

لە پێوەندی لەگەڵ کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا: جووڵانەوەی ئەو بەشە ئیمکان و پوتانسیەلی بەهێزبوونی زۆرە و دەتوانێ وەک فاکتەرێکی یەکلاکەرەوە بکەوێتە نێو هاوکێشەکانی سیاسی ئێران و ناوچەوە، بەو مەرجەی لێبڕاوانە و خێرا بەخۆیدا بچێتەوە، لەبەر تیشکی خەسارناسیکی بوێرانەی ڕابردوو جارێکی دیکە خۆی پێناسە بکاتەوە، کەموکورتییەکانی خۆی چارەسەر بکا، خۆی لەگەڵ ویست و پێداویستییەکانی سەردەم بگونجێنێ و حیزبەکان بە هاوبەشی ستراتێژییەکی نوێ و واقیعبینانە بۆ خەباتەکە دابڕێژن.

ئەو ئەرکە ناکەوێتە سەر شانی تەنیا حیزبێک، بەڵام هیچ حیزبێکیش ناتوانێ خۆی لە بەشداربوون لەو ئەرک و پرۆسەیە دەرباوێژێ. سەردەمی خەبات بەتەنیا بەسەرچووە!

# پرسی زمان لە کۆماری کوردستان

ئەلبۆرز ڕۆئینتەن

پرسی زمان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد گرینگییەکی زۆری هەیە، نەتەوەی کورد بۆ مانەوەی خۆی پێویستی بە پاراستنی زمان هەیە ودوژمنانی کوردیش بۆ نەهێشتنی کورد، شێواندنی زمانیان کردۆتە بەشێکی سەرەکی لە پیلان و دژایەتییەکانیان.

ئەو بابەتە زۆر بە ڕوونی لە مێژووی کورددا دەبینین، قەدەغەکردنی زمان و دواتر شێواندنی زمان لە بەرنامەی وڵاتەکانی وەک ئێران بووە و تەنانەت فرەزارەوەیی زمان کە لە زۆر زماندا بە دەوڵەمەندی هەژمار دەکرێت کردوویانە بە بیانوویەک بۆ ئەوەی لە گرینگی زمان کەم بکەنەوە.

ئەوەی لێرەدا من مەبەستمە قووڵبونەوە لە بابەتی زمان نییە کە پسپۆڕی من نییە و لەوانەیە لەو بوارەدا کۆڵەواریش بم، بەڵام شیکردنەوەی تێڕوانینی سیاسی بڕیارەکانی کۆماری کوردستان بۆ بووژاندنەوەی زمانێک کە بە توندی لە لایەن ڕێژیمی پاڵەوی دژایەتی کراوە و تەنانەت بە بەرنامە هەوڵی شێواندنی دراوە لە سەردەمێکدا کە زۆرینەیەکی ڕەهای خەڵک نەخوێندەوار بووە بە پێویست دەزانم تەنانەت دەکرێ بە ئەزموونێکی دەوڵەمەند بۆ داهاتووی کوردستان و تەنانەت ئێستای هەرێمی کوردستان لە باشوور بزانرێت.

لە گەرمەی جەنگی جیهانی دووهەمدا لەژێر داگیرکاری زلهێزاندا و لە کاتێکدا کە خەڵک دۆخێکی خراپی ئابوورییان هەبوو لە زۆر ڕووەوە لە تەنگ و چەڵەمەدا بوون، حکوومەتێک بۆ سەربەستی کورد ڕادەگەیەنرێت، کە بنەماییترین کارەکانی ئەو حکوومەتە دەبێتە بووژاندنەوەی زمانی کوردی. ئەو بڕیارە سیاسییە کە کاریگەری لە سەر پێشکەوتنی ئێستای زمانی کوردیشدا هەیە دەگەڕێتەوە بۆ حیکمەتی پێشەوا و بەڕێوەبەرانی حیزبی دێموکرات و دوربینی کۆمار لە ئاست بەڕێوەبردنی وڵات.




لە بەیاننامەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتدا دووهەمین خاڵی بەو شێوەیە باسی زمان دەکات:

" مافی خوێندنی بە زمانی زگماکی خۆی هەبێ و تەواوی کاروباری ئیدارەکان بە هۆی زمانی کوردی بەڕێوە بچێ."

گرینگی بابەتی زمان لە داواکاری بەیاننامەکەدا دەبێتە یەکەمین بڕیارەکانی کۆمار و دێموکرات لە کوردستاندا کە لە وتاری پێشەوا لە ٢ی ڕێبەندان ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە؛ لە وتارەکەی پێشەوا قازی محەممەددا هاتووە " کوڕ و کچ و پیاوی گەورە لە مەدرەسەی شەوانە و ڕۆژانە بە زمانی کوردی دەخوێنن لە جیاتی ئەوەی شەش حەوت ساڵ خەریکی خوێندن و فێربوونی فارسی بن لە مانگێک و دوو مانگدا دەبنە خوێندەوار و هەموو شتێک دەخوێننەوە و دەنووسن.

بۆ ناساندنی لیاقەتی میللی و دەرخستنی حەیاتی ئەدەبی و فەرهەنگی کورد و بۆ ڕاگەیاندنی هاواری خۆمان بە گوێی دنیای بەشەرییەت و عەدالەت موحتاجی وەسیلەی چاپ بڵاوکردنەوە بووین چاپخانەی زۆر چاک تەئسیس کرا و دانرا لە شاری خۆمان بە چاپخانەی خۆمان گۆڤار و ڕۆژنامە دەردەچێ و بیر و فیکر و داخوازی ئێمە لە دنیادا بڵاو دەکاتەوە".

ئەو گرینگیدانە بەرهەمی ڕۆشنبیری و لێزانی بڕیاربەدەستانی کۆماری کوردستانە هەروەها لە هەمان کاتیشدا بناغەی ژیاندنی زمان و دەوڵەمەندکردنی هەژمار دەکرێت واتە بڕیاری سیاسی حکومەت بۆ پاراستن و زیندووکردنی زمان زۆر گرینگە بەڵام قوناغی دووهەم دەکەوێتە ئەستۆی پسپۆڕانی زمان و ناوەندگەلێکی ئاکادمی و پسپۆڕ.

لە کۆماری کوردستاندا بە ژیری و بە گوێرەی توانا هەوڵ دراوە کە ئەو بۆشاییە بە دامەزراندنی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان پڕ بکرێتەوە، تەنانەت کار کراوە بۆ ئەوەی داهێنانی وشە یان بابەتگەلێکی پەیوەندیدار بە زمان لە ڕێگەی ئەو ناوەندە پسپۆڕەدا تێپەڕ بێت.

ئەگەر بە وردی لە بڕیارەکانی ئەو هەیئەتە ورد ببینەوە دەبینین کە لە ماوەیەکی کورتی وادا چەند کاریگەر بووە بۆ نموونە لە یەکێک لە بڕیارەکانی هەیئەتی فەرهەنگی کوردستان کە لە ڕۆژنامەی کوردستان دا بڵاو بۆتەوە هاتووە:

"بە تەواوی زانایانی بەرزی کورد ڕادەگەیەنرێت: بۆ وەکارهێنانی وشەی کوردی کە تا ئەوڕۆ وەکارهێندراوە دەبێ لە پێشدا بە هەیئەتی فەرهەنگی پێشنیهاد بکرێ و لەوێدا تەسویب و ئیجازەی وەکارهێنانی بدرێ وە کەس حەقی نیە وشە ڕۆنێ و دەکاری بێنێ."

هەر ئەو تێڕوانینە لوژیکییەی حکوومەتی کۆماری کوردستان بوو کە لە ماوەی ١١ مانگی کۆماری کوردستان لە بواری ژیاندنەوەی زماندا دەسکەوتێکی زۆری بۆ کورد هەبێت کە توانی کاروباری ڕۆژانەی حکومەت بە زمانی کوردی بەڕێوە بەرێت، بە دەیان قوتابخانە بکاتە کوردی و بە هەزاران کتێب چاپ بکات، هەروەها ١١٣ یا ١١٤ ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان بڵاو بکاتەوە بۆ ئەوەی ببێتە خەزێنەیەکی ڕەنگینی زمان و مێژوویەک تۆمار بکرێت کە ئێستاش ڕووناکی ڕێگای ڕێبازمان بێت هەر لە ژێر ئەو ڕۆشناییەشدا دەبێ لە داهاتووی کوردستان هەنگاوی جیددی بۆ ئەو بابەتە هەڵگرین واتە یەکەم لە ڕووی سیاسییەوە ئیرادەی بڕیاردان بۆ هەموو بواری پێویست بە ژیاندن و پەرەی زمان بدرێت، دووهەم چۆنیەتی دروستی ئەو کارەش بسپێردرێت بە پسپۆڕانی نیشتمانی زمان بۆ ئەوەی زمانی کوردی هاوشانی زمانەکانی دیکە پەرە بستێنێت.

هەر جۆرە تێڕوانینێکی ناپسپۆڕانە بەتایبەتی ناوچەگەرایی لە بواری زماندا بۆ هەر ناوەندێکی سیاسی و نیشتمانی و ئاکادێمی زیان بە گەشەی زمان دەگەیێنێت.

# بەشداریی بەهێزی نەتەوەکان، هێزگرتنی ڕاپەڕینی گشتییە

کەیوان دروودی

لەم ڕۆژانەدا کە نارەزایەتی و خۆپیشاندان جوغرافیای ئێرانی تەنیوەتەوە، خەریکین بەهێوری برگەیەکی مێژوویی تێپەڕ دەکەین. برگەیەک کە دەتوانێ ببێتە خاڵێکی وەرچەرخان بۆ لاوازکردن و تەنانەت تێکەوەپێچانی ڕێژیمی ئیسلامی و لە لایەکیترەوە دەتوانێ ببێتە ڕۆژانی فەوتاندنی هەلێکی گەورەی مێژوویی بۆ هەمووان.

جیاوازیی ئەم جووڵە جەماوەرییە لەتەک هاوشێوەکانی وەکوو ئەوەی ساڵی هەشتاوهەشت ئەزموون کرا، پڕ دیارە. ئەمجارە قۆڵی دەسەڵات لە دەستێوەردان و ئاراستەکردنی گوماناویی شەقام بڕدراوە و هیچ باڵێکی ڕێژیم لە دروشمی نارازیان، پارێزراو نییە. هەروەها بوونی لانیکەمی پشتیوانیی دەرەکیی و گوشاری ناوچەیی بۆ سەر بەرەی فاشیزمی ئیتنیکی — ئایینی، ئەو دەرفەتەی ئافراندووە کە ڕای گشتی و بەتایبەتی ئیرادەی ئازادیخوازانی ڕاستەقینە، بۆ جارێتر شانسی خۆیان بۆ وەدیهاتنی دادپەروەری و ئازادی تاقی بکەنەوە.

لە ئێستەدا کە سیخوڕە هەناردەکراوەکانی ڕێژیم دەستیان بەسەر میدیا پڕبینەرەکانی دەرەوە - کە دەبوایە دەلاقەی دەربڕیی ئازایانەی ماف و ویستەکان بووایەن — داگرتووە، دەبێ نەتەوە بندەستەکان سوورتر لە جاران و بە هاوئاهەنگیی زیاتر دەنگی خۆیان بەسەر ئەم پارازیتانەدا زاڵ بکەن. هەروەها دەبێ دەنگ و بۆچوونەکانی خۆیان بۆ ئەو تاک و گرووپانەی سەلماندوویانە ئازادی و یەکسانییان لە ناخەوە بۆ گشت لایەک دەوێ، بنێرن.

ڕێژیمی ئیسلامی تەنیا لە حاڵەتێکی ئاوادا پاشەکشەی پێدەکرێ. پێویستە هەمووان ئەم ڕاستییە لەبەرچاو بگرن کە سەرەڕۆیی تەنیا کاتێ تووشی وەستان و ملداکێشان دەبێ کە هەست بە لەناوچوونی خۆی بکات. وەکیتر؛ وەکوو ئەزموونیش کراوە، حەزە بێسنوورەکانی فاشیزم لەبن نایەت و هەرجارە و بەرواڵەتێک خۆی دەردەخات. ئەم نارەزاییە جەماوەرییە بەخرۆشە، هەمان شتە کە سیخوڕە هەناردەکراوەکان وەکوو "مەترسیی سەقامگیریی ئێران" ناوی لێدەبەن، ئەوەش دیارە لەبەر ئەوەی کە شێواندنی ئەم سەقامگیرییە کە نەزمی دڵخوازی ئەوان دەپارێزێ، بێگومان نەزمێکی نوێی لێ لەدایک دەبێ. هەنووکە گرینگە کە هەوڵ بدرێ داخوازیی نەتەوەکان وەکوو دینامیزمی سەرەکی بچێتە ناو ڕەوتی تێکدانی ئەم سەقامگیرییە داسەپاوە.

گرینگتر لەمانە ئەوەیە کە وەبیر هەموو لایەک بهێنرێتەوە کە بەتاڵایی هێزی نەتەوەکان بۆشاییەکە کە ناکرێ بەهیچ هێزێکیتر پڕ بکرێتەوە. نەبوونی بەشداریی شوێندانەری ئەم هێزە، تەنانەت



لای ئەوانەی دەماری فاشیزمیان پێوەیە، وەکوو خاڵێکی نەرێنی باسی لێوە دەکرێ و گرینگیی لە سەحنەی سیاسیی ئێران نەشاردراوەتەوە. هەڵبەت دەبێ بوترێ کە مەبەستی ئەمانە ئەوە بووە کە ئەم لافاوە بەخرۆشە بخەنە خزمەت خۆیان و هاوکێشەی شەڕی ئایدیۆلۆژیکی نێوان خۆیان و دەسەڵاتی پێ بگۆڕن. بەو شێوەیە کە داخوازیی "کۆ"ی نەتەوەکان بۆ ئاستی داخوازیی "تاک" کە خۆیان بە مافی هاووڵاتیبوون ناوی لێدەبەن، دابەزێنن و لەتەک داخوازییە ڕۆژانەکانی وەکوو بژێوی، مافی هەڵبژاردنی جۆری جلوبەرگ و هتد، هاوسەنگی بکەن.

بەهەرحاڵ نابێ ئەوە لەبیر بکرێ کە ڕێژیمی ئیسلامی هەتا بینەقاقای لەناو زەلکاوی قەیران و لاوازیدایە و نارەزایی لە کۆڵان و شەقامەکاندا شەپۆل دەدات و ئەمە هەلێکە بۆ ئەوەی ئەم دێوزمەیە لە ناو ببردرێت. بۆ ئەم مەبەستە دەبێ پێش لە هەموو شتێک هیچ لایەک پاسیف نەبێت و نەبێتە بەرکار کە ئەمە کوشندەترین و مەترسیدارترین حاڵەتێکە کە دەشێت وێنای بکەین. دیارە بەدڵنیاییەوە ئەوانەی خۆیان بە مانەوەی ڕێژیم بەستووەتەوە لەمبارەوە دەکەونە پەلەقاژە و پێویستە ئازادیخوازانی ڕاستەقینە و ڕزگاریخوازانی سەر بە نەتەوە بندەستەکان ئەوانەش وەکوو بەشدار و تێوەگلاوی دەسەڵاتی چل ساڵەی ڕێژیم بە هەموو ئەو خەڵکانە بناسێنن کە ماڵ، کەرامەت، ژیان و هیوا و ئاواتەکانیان لە ژێر چەپۆکی ئەم دەسەڵاتە فاشیستەدا لەناوچووە و تامەزرۆی تێکەوەپێچانی ئەم تەختە نگریسەن.

بۆ ماوەی نزیک بە یەکە دەیەیە کە نەتەوەکان لەژێر چەتری جۆراوجۆری وەکوو کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ کۆبوونەتەوە. ئەم چەترە بە دەسپێشخەریی حیزبی دێموکرات تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوو، بەڵام ئەوەی چاوەڕوان دەکرا هێشتا دەست نەکەوتووە. چاوەڕوانییەکەش ئەوە بوو کە ئەم گلێربوونەوەیە، ببێتە ڕەوتێکی هزری و بناغەیەکی ویژمانیی گەورە کە لە ناو گۆڕەپانی سیاسیی ئێران خاوەن قورسایی خۆی بێ.

بەهەرحاڵ لە بەرامبەر ویژمانی زاڵی هاووڵاتیبوون و مافە مەدەنییەکانی "تاک"، پێویستیی ساخکردنەوەی ویژمانێکی ئیتنیکی بۆ دەرخستن و بەدواداچوونی داخوازیی "کۆ" حاشاهەڵنەگر بووە و هەیە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە ناوەڕۆکی زەقکردنەوەی مافی تاکدا، فاشیزمێک خۆی حەشار داوە هەتاکوو بە بەڵێنی بریقەدار و هاوشێوەی ٥٧ دەست بەسەر جووڵەی ئاپۆڕەدا بگرێ. هەر بۆیە وەکوو ڕێسای نەنووسراوی هەمیشەیی سەحنەی سیاسەتی وڵاتانی دواکەوتوو و فاشیزم لێدراو، دەبێ ڕەشبینی پێش لە گەشبینیدا سەبارەت بەو لەپێش چاو بگیردرێت. دەبێ ئەوە قەبووڵ بکەین کە ئێمە هەتاکوو ئێستە نەمانتوانیوە کۆڕانی کاسبکاری بەلووچ و کورد، هەژاریی لاوانی ئەحوازی خاوەن نەوت، ڕەشوڕووت بوون و بێبەشی لە خوێندنی منداڵانی بەلووچ تەنانەت بە زمانی ئەویتر، تاڵانکردنی سەرچاوە مرۆیی و سروشتییەکانی نەتەوە بندەستەکان و هەروەها پێشێلکاریی سیستماتیکی مافی ئەم پێکهاتەگەلە لە بەرامبەر ئەو ئازادییە "دەستەبژێرکراو"انەی کە بەرەی فاشیزم بانگەشەی دەکات، بخەینەڕوو و بیکەین بە بەشێک لە پرسەکانی ناو جوغرافیای ئێران.

هەربۆیەش لەم سەروبەندەدا کە هیچ ئاسۆیەک بۆ داهاتوویەک لەتەک کۆماری ئیسلامی بەدی ناکرێت، دەبێ چالاکانە ئەگەر نەکرا وەکوو ئاڵتێرناتیڤ، لانیکەم وەکوو پرسی نیوەی حەشیمەتی ئێران پێ بنێنە گۆڕەپان و لە ئەگەری هەر گۆڕانێکی بنەڕەتیدا خاوەن هێزێ بین کە بتوانێ پێش بە تەماح و حەزە بێسنوورەکانی بەرەی باستانگەرای دوو هەزارە دواکەوتووی فاشیزم بگرێ. بەرەیەک کە لە لایەکەوە ئایدیاکانی ڕێژیمی ئیسلامی دەگەڕێنێتەوە بۆ ڕابردوو و بە دواکەوتوو دەیناسێنێ بەڵام بۆخۆیشی سەبارەت بە ئەمڕۆ هیچی پێ نییە و باس لە وەدیهێنانی خولیا و حەزی پاوشایەک دەکات کە زیاتر لە دوو هەزارەیە سەری ناوەتەوە. لە بەرامبەر ئەم عەقڵییەتەدا و بۆ ئەوەی دانت پێدا بنێ، تەنیا دەکرێ بەهێز و بەهێزتر بی.

# خەڵک و پێویستی خەبات لە دژی دەسەڵاتی سەرەڕۆ

سۆران شەمسی



لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا پێکهاتەی دەسەڵات بە تەواوی سەرەڕۆیە و لەسەر بنەمای خوێن، بنەماڵە و پاوانخوازی تاکەکەسی دامەزراوە و خەڵک و بەرژوەندی خەڵک لە هیچ سووچێکی ئەم دەسەڵاتەدا بوونی نییە و ئەو دەسەڵاتدارییە پاشکەوتووە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانیان پاوانخوازیی دەسەڵات و قەتیس کردنی بازنەی دەسەڵاتدارییە.

پێکهاتەی دەسەڵاتداری لە ئێران پێکهاتەیەکی یەکنەتەوە، یەکدەوڵەتە و لەسەر ئەو پێکهاتەیەش دەسەڵاتداری سەرەڕۆی تاکەکەسی و بنەماڵەیی کە دژە دێمۆکراسییە دادەمەزرێت و بە گشتی وا پیشان دەدرێ کە گوایە ئەو دەسەڵاتدارییانە دەوڵەتی مۆدێرن پێک دێنن؛ ئەوە لە کاتێدایە بە نێوەرۆک هیچ تایبەتمەندییەکی دەوڵەتی مۆدێرن لە نێو دەسەڵاتداری ئێرانیدا بوونیان نییە؛ بەڵکوو بنەماکەیان لەسەر سەرەڕۆیی تاکەکەسی و پشتگیری لە مافی نەتەوەیەکی تایبەت دامەزراوە و مافی باقی نەتەوەکانی‌تر وەک مەترسی تەناهی دێتە ئەژمار و باشترین بەڵگەش بابەتی مافی زمانی دایکییە کە لە وڵاتی ئێران هەموو مافێک بە زمانی فارسی دەدرێ ئەوە لە کاتێکدایە کە زمانەکانی‌تری نێو ئێران هیچ مافێکیان نییە و وەک مەترسییەکی ئەمنیەتیش پێناسە دەکرێن.

بە چ هۆکارێک زمانی نەتەوەکان هیچ ڕێزێکی لێناگیرێ و بەرەوڕووی هەڵاواردن دەکرێت؟ گەلۆ بیرۆکەی "وەلی فەقێ" بیرۆکەیەکی دژی دێمۆکراسی نییە؟ بیرۆکەیەک نییە کە لەودا کاریزما ساز دەکرێت تەنیا بۆ ئەوەی دێمۆکراسی و مافی نەتەوەیی لەو ڕێگایەوە پێشێل بکرێت؟ وڵامی هەموو ئەو پرسیارانە بەڵێیە واتە هەم بیرۆکەی وەلی فەقێ بیرۆکەیە بۆ لەناوبردنی دێمۆکراسی و مافی نەتەوەیی و مافی تاکەکەسی و هەم ئامانج لە دامەزرانی دەسەڵاتداری لەسەر بنەمای ئەو بیرۆکەیە بۆ داپڵۆسینی زیاتری نەتەوەکانی ئێرانە، کەواتە بنەمای دەسەڵاتداری لە ئێران بنەمایەکی سەرەڕۆی دژە دێمۆکراسییە. بەمپێیە لە چوارچێوەی دەسەڵاتدارییەکی ئاوادا چۆن دەکرێت چاوەڕوانی گەشە و خۆشبژێوی و دەسەڵاتداری قانون بین! ئەگەر چاوەروان بین ڕەنگە یان زۆر خۆشباوەر بین یان زۆر ساویلکە!

لە مێژووی چەند سەد ساڵەی دەسەڵاتداری مرۆڤ یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتگەلی سەرەڕۆ دژایەتی قانون بووە؛ بەو پێیە بێ هیچ سێ و دوویەک دەسەڵاتداری لە ئێران چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا دەسەڵاتدارێکی سەرەڕۆی پاوانخوازی بووە و هیچ باوەڕی بە قانون و یاسا نەبووە و ئەوەی قانونی دیاری کردووە لە ڕاستای بەرژەوەندی دەسەڵاتداران بووە نەک بەرژەوەندی خەڵک!

نەبوونی دەسەڵاتداری دێموکراتیک و بوونی سەرەڕۆیی لە دەسەڵات بۆتە هەوێنی ئەوەی دەسەڵاتی سەرەڕۆ یەکێک لە کۆڵەکەکانی ڕەگەزپەرستی بێت و هاوکات لەگەڵ ئەوە سەرەڕۆیی و پاوانخوازی لە دەسەڵاتدا بۆتە هۆی ئەوەی گەندەڵی پێکهاتەمەند سەرهەڵبدات و زۆر ڕاستی نێو کۆمەڵگا وەک نەتەوەی جیاواز نکۆڵی لێبکریت و لە ئاستی ناوچەکەشدا بابەتگەلی وەک پشتگیری لە تێرۆریزم و شەڕی بە وەکالەت سەرهەڵبدات. بەگشتی دەسەڵاتداری سەرەڕۆ و پاوانخواز هەم لە ئاستی ناوچەکە و هەم لە ئاستی نێوخۆیدا سیاسەتەکانی لە پێناو پاراستنی خۆی پەیڕەو کردووە! کە ئاکامی ئەو کردەوەی دەسەڵاتداری سەرەرۆ تەنیا و تەنیا، نەهامەتی، هەژاری و نەخوێندەواری زیاترە و هیچ دەسکەوتێکی‌تری نییە.

پێکهاتەی گەندەڵ و قەیرانەکانی کە ئەو پێکهاتەیە دەینێتەوە هێندە تەشەنەی کردووە کە تەنانەت بەشێکی زۆر لە کەسانی نزیک لە ڕێژیمش کە لە سەردەمانێکدا دەسەڵاتدار بوون ئێستا بوونەتە ڕەخنەگر.

دەسەڵاتی سەرەڕۆ لە پێناو مانەوەی دەسەڵاتداری خۆی بێگومان دەست دەداتە کوشتن و بڕینی بەرهەڵستکاران و جیابیران و ڕۆژنامەنوس و نووسەران، کەوایە ڕوونە کە دژایەتی لەگەڵ قانون، بنەمای دەسەڵاتداری کۆماری ئیسلامییە.

بەڵام خاڵی گرینگ لێرەدا ئەوەیە کە بۆ ڕاوەستان لە دژی دەسەڵاتێکی سەرەڕۆی وەک کۆماری ئیسلامی پێویستە کە خەڵک بەشدار بن بەو مانایەی کە هەرچەشە خەباتێک لە دژی ئەو ڕێژیمە بنەمای ئەو خەباتە دەبێ لەسەر بەشداری بەرفراوان و چەند ڕەهەندی جەماوەر بێت. ڕوونیشە کە بۆ بەشداری هەموو لایەنی جەماوەر لە خەبات پێویستە بنەمای خەبات لەسەر کۆڵەکەی پێکەوەژیان و دێمۆکراسی دامەزرێ.

لێرەدا دەبێت ئاماژە بە باسێک بکەین ئەوەش بێ‌ئاکام بوونی بزاڤ و بزووتنەوە جۆراوجۆرەکان لە ئێرانە، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە لە ئێران زۆر ڕووداو و بزاڤ و بزووتنەوە لە قۆناغی جیاوازدا سەری هەڵداوە بەڵام ئاکامی ئەو بزووتنەوانە ئەوە نەبووە کە خەڵک و جەماوەر بە خواستی خۆیان بگەن بەڵکوو ئاکامی تەنیا ئەوە بووە کە بازنەی دەسەڵاتداری جێگۆڕکەی پێکراوە و قەیرانەکان هەر لە جێی خۆیاندا ماونەتەوە چون بەشێوەیەکی دروست بە ڕەگی سەرەڕۆیی سیاسیدا نەچوونەتە خوارێ و بایەخیان بەو دیاردەیە نەداوە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە تاقمێ پاش ئاڵوگۆڕ هەموو جۆرە ئازادییەک بۆخۆیان قائیل بوون و لەبەرانبەردا خەڵکیان ناچار کردووە پێملی خواست و ویستی ئەوان بن. فەرهەنگی سەرەڕۆیی و کلتوری پاوانخوازی وایکردووە کە بنەمای سیاسەت لە وڵاتی ئێران لەسەر درۆ و تەماح دامەزرێ و ماف و بڕیار هیچ ڕۆڵێکی لە سیاسەتدا نەبێت و هاوکات لەگەڵ ئەوە دەسەڵات وەک ئامرازێک بۆ دابینکردنی ویست و خواستی تاکەکەسی سەیر بکرێت و هیچ بایەخێک بە مافی جەماوەر و خەڵک نەدرێ و تەنانەت کلتوری سەرەڕۆیی وای کردووە دەسەڵاتی سیاسی زیاتر و زیاتر ببێتە دەسەڵاتی نێروەجاغی!

لێرەدایە کە دەبێت باسێکی‌تر بێتە گۆڕێ ئەوەیش ئاڵوگۆڕسازکردن لە ڕوانگەی کۆمەڵگا بەرانبەر بە دەسەڵاتە؛ کۆمەڵگا دەبێت بێتە سەر ئەو باوەڕەی کە سەرچاوەی هێز و ماف خۆیەتی و دەسەڵاتداران تەنیا بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگان و نابێ بڕیار و بەڕێوەبەرایەتییان لە پێناو تاکدا بێت یان دژ بە بەرژەوەندی کۆمەڵگا بێت.

زۆر ڕوونە کە لێرەدا هەم دەبێت سەرچاوەی هێز بگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵگا و هەم دەبێت بۆ سەرکەوتنی خەبات کۆمەڵگا بێتە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەو دەتوانێ خەبات لە دژی سەرەڕۆیی سەربخات و خۆی بەڕێوەبەری کۆمەڵگاکەی خۆی بێت و پێویستی بە وەلی فەقێ نەبێت. ڕوونە بۆ وەدیهاتنی ئەو باسە دەبێت ڕێکخراوە سیاسییەکان لە ڕووی بایەخی دێمۆکراسییەوە ئاڵوگۆڕ بەسەر خۆیان بێنن و بنەمای تەشکیلاتیان لەسەر شایستەسالاری و دێمۆکراسی دامەزرێنن و بێگومان ڕێکخراوە سیاسییەکان کە ئەکتەری نێو سیاسەتن دەتوانن لە گۆڕینی ڕوانگەی کۆمەڵگا بۆ سەر دەسەڵات و هەروەها جێخستنی دەسەڵاتداری دێمۆکراتیکدا ڕۆڵێکی زۆر گرینگیان هەبێت و هاوکات لەگەڵ ئەوە هەر ڕێکخراوەکانن کە دەتوانن دەسەڵاتداری بەرەو دەسەڵاتدارییەکی لۆژیکی و پارێزەری بەرژەوەندی باڵای کۆمەڵگا بەرن.

# ڕاسان، بەرجام، ڕۆژئاوا

# PDKI

جەماڵ ڕەسووڵ دنخە

ئەگەر بڵێین مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد بەشێکی لە چاوەڕوانی و هەبوونی هەلدا پەنگی خواردووە دوور لە ڕاستی نییە. واتە لە ماوەی شۆڕشەکانی نەتەوەی کورددا هەندێ جار ڕێبەرانی حیزبەکان کە شۆڕشیان لە ئەستۆ بووە "سیاسەتی چاوەڕوانیان" لە پێش گرتووە.
لە لایەکی دیکەوە، کورد وەکوو هێزێک لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هەتا ئێستاش خۆی یەکلایی نەکردووەتەوە کە هاوپەیمانی چ وڵاتێکە و دەبێ چۆن هاوپەیمانییەتی درووست بکات. چێرچێل دەڵێت: "لە هاوپەیمانان خراپتر، نەبوونی هاوپەیمانییە".
مەبەست لە هێنانەوەی ئەو دوو بابەتە ئەوەیە لە بابەتی یەکەمدا، ئێمەی کورد هەتا ئێستا سەرەڕای ئەوەیکە نوخبە و لێهاتووی زۆر کاریگەرمان لێهەڵکەتووە بەڵام نەمانتوانیوە بە شێوەی پێویست کەڵک لەو سەرمایە فکرییە وەربگرین. بەو مانایە کە نوخبەکانی کۆمەڵگا لانیکەم ئەگەر ڕێبەرایەتی ناکەن، ببەن بە یارمەتیدەری بیر و هزر بۆ کۆمەڵگای کوردستان. بەشێکی دیکەی درێژبوونەوەی شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە حیزبەکانی ڕێبەری کۆمەڵگا خۆیان لە چوارچێوەی سیاسەتی چاوەڕوانیدا هێشتووەتەوە، چوارچێوەیەک کە دوورە لە مەنتق و واقعبینی سیاسەت؛ لە سیاسەتدا دەبێ خۆت وەک "عامل" بی هەتا بتوانی کاریگەریشت هەبێ!. مێژوو ئەوەی پیشان داوە ئەگەر تۆ چاوەڕوانی دەرفەتی هەتا دواتر خۆت دەسەڵات بگریە دەست و حوکمڕانی بکەی، خۆت لە گۆمی قەیران هاویشتووە و چارەنووسی خۆت خستووەتەوە دەستی ئەگەر و شایەدەکان؛ چونکە کاتێک هێزێکی بیانی دەستێوەردان لە وڵاتێکدا دەکات کە حیزبێک یان لایەنێک دژبەری ئەو حوکمەتەیە و لە شێواویی ئەو دەستێوەردانە ئەو حیزب و لایەنانەی بە دەسەڵات دەگەن لە واقعیدا دەبێ بڵێین کە ئەو حیزب و لایەنانە ڕووتینی دەسەڵات بەدەستن و توانایی بەڕێوەبەریی وڵاتیان لە ئاستی باڵادا نابێت.
کریس کۆچێرا لە وتووێژێکدا دەڵێت: "قاسملوو دەیکوت ئێمە پێمان خۆشە ڕووسەکان بێن یارمەتیمان بدەن کوردستان ئازاد بکەین، بەڵام ڕازی نین سەربازەکانیان بنێرنە کوردستان چونکە ئەو دەمی حیساب لە دەستمان دەرچووە". ئەو لێدوانەی دوکتور قاسملوو ڕێک باسی ئەوە دەکات کە سیاسەتی چاوەڕوانی لە سیاسەتدا بۆ بە دەست گرتنی حکوومەت لە داهاتوودا هەڵەیە و خۆبەدەستەوەدانێکی مەعقوولانەیە کە تۆ تەنیا دیکۆرێک لە دەسەڵات دەبی و حکوومەتەکەش "قوەی موجریە" دەبێت.
کێشەیەکی دیکە لەوەدایە هەندێ جار نوخبەکانی نەتەوەی کورد کە توانای ڕێبەرییان هەیە بە جێگای ئەوەیکە نۆشدار و ڕێپیشاندەر بن خۆیان پەرە بە گرفتەکان دەدەن، بەو مانایە کە ئەو جۆرە لە نوخبەکانی نەتەوەی کورد خوازیاری ئەوەن کە هەرچی ئەوان نوسخەپێچیان کرد، حیزبەکان ئیجرای بکەن. هەڵەی وەها بیرکردنەوەیەک ئەوەیە هیچ نوخبەیەک توانای ئەوەیە نییە ئیدعا بکات هەرچی ئەو بیری لێکردەوە و پێشنیاری کرد ڕاستە بەڵکوو کۆبەندی بیری نوخبەکان کە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت.
ئەگەر بۆ نموونە باس لە ڕێبەرانی کورد وەک سمکۆ، قاسملوو، قازی، شێخ سەعیدی پیران و باقی ڕێبەرەکانی دیکە بکەین، پێش هەموو شتێک ئەو ڕێبەرانە خۆیان جیا لە نوخبەیی و توانای "اثبات اراده و رهبر"یان هەبووە. ئەو ڕێبەرانە هیچ کات چاوەڕوانی دەرفەت نەبوونە و سیاسەتی بێدەنگیان مەحکووم بە شکست زانیوە بۆیە خۆیان پێشەنگی کۆمەڵگای خۆیان بوونە و ئیرادەی خۆیان بە سەر هاوکێشە ناوچەییەکاندا سەپاندووە.
ئێستا باس لە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بکەین، حیزبێک کە وەک دوکتور قاسملوو دەفەرمێت: "مێژووەکەی، مێژووی چەند کادر و مەسئول و پێشمەرگەی حیزب نییە، بەڵکوو مێژووی هەزاران شەهیدی گەورەیە کە گیانیان فیدای ڕێبازەکەیان کردووە و ...".
مێژووی حیزبی دێموکرات لە دوای "تعلیق مبارزات مسلحانه" لاوازییەکی کردەوەیی هەبووە و حاشای لێ ناکرێت، بەڵام لە بواری مەعنەوییەوە پێگەی خۆی لە دەست نەداوە، ((بەڵگەکان لە هەموو قۆناغەکاندا دەرخەی ئەو ڕاستییەن)).
"سەربەخۆیی سیاسی" لە حیزبی دێموکراتدا بابەتێکە پێوەرێکی سیاسی و کارییە کە کاری پێ دەکرێت، سەربەخۆیی سیاسی بەو مانایە نییە کە حیزبی دێموکرات بێمنەتە لە پێوەندی و هاوپەیمانی، بەڵکوو بەو مانایەیە کە خۆی بە دەستەوە نادات و بە باش یان خراپ خۆی چارەنووسی خۆی دیاری دەکات بێ ئەوەیکە لایەنێکی دیکە بەسەریدا "تحمیل" بکات. هەر لایەنێک سەربەخۆیی سیاسی نەبێت واتە سیاسەتی ڕەت کردووەتەوە و ڕەتکردنەوەی سیاسەتیش بە مانای لەناوبردنی ئازادی و سەربەخۆیی تاک لە کۆمەڵگەدایە.
بەوپێیە با باس لە حیزبی دێموکرات بکەین:
لە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڕیاری دەسپێکی خەباتی نوێی دا و خەڵکی کوردستان بە "ڕاسان" ناودێری کرد؛ (لێرەدا ئیزن بدەن باسی ئەوە بکەم کە هەر وەک لە سەرەوەدا باسم لێوە کرد حیزبی دێموکرات پێگەی خۆی لە دەست نەداوە؛ ناودێرکردنی ئەو خەباتە لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە سەلمێنەری ئەو ئیدعاییە). شکاندنی بێدەنگی و تابۆیەک بوو کە حیزبی دێموکرات وەک ساڵانی ٦٠ خۆی دەرفەتی خوڵقاند و سیاسەتی چاوەڕوانی مەحکووم بە شکست کرد.
خوڵقاندنی دەرفەت بۆ حیزبێکی سیاسی، لایەنێک یان گرووپێک کارێکی سادە و بچووک نییە؛ پێش هەموو شتێک ڕیسک و بەهایەکی دەوێت کە دەبێ خۆی بۆ ئامادە بکەی؛ دروست ئەوەیکە حیزبی دێموکرات بەهاکەی دا!!!.
کاتێک کە بەرجام واژۆ کرا و ڕۆژئاوا دیسان دەستی بە کاروباری ئابووری لەگەڵ ڕێژیمی ئێران کرد، هەروەها ئامریکاش خۆی جۆرێک ڕێککەوتنی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە کردبوو، دەوڵەتانی ناوچەکە پێیان وابوو کە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەرەو ئارامی دەچێ؛ بەپێچەوانەوە ئەوەیکە ڕووی نەدا. لە وەها کاتێکدا کە ڕێژیمی ئێران باسی لەوە دەکرد هیچ دژبەرێکی نەماوە حیزبی دێموکرات بە بڕیاری خۆی دەستی ڕەتی لە سینگی هەموو ئەو کەسانەدا کە ئیدعای ئەوەیان دەکرد ئیتر هیچ ناکرێت؟!!. بەپێچەوانەوە ئەگەرچی هەتا ئێستا ئەو حەرەکەتەی حیزبی دێموکرات وەک پێویست گەشەی نەکردووە بەڵام، دەبی ئەوە بڵێین کە لێدوان و قسەی کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران دەرخەری ئەوەیە ئەو حەرەکەتەی حیزب چ کاریگەرییەکی لەسەر هاوکێشە پیوەندیدارەکان بە ئێران داناوە.
واژۆکردنی بەرجام ئەو ڕۆحیەی بە وڵاتانی ڕۆژئاوا دا کە بۆ جارێکی دیکە ئێران مەیدانی تجارەت و بازرگانییە و لە پەنای ئەوەدا دەتوانن باس لە مافی مرۆڤ و نەبوونی ئازادیی بەیان لە ئێراندا بکەن و بە چەشنێک فشار بۆ ئێران بێنن بەڵام ڕاسان بەپێچەوانەوە ئەو بڕیارە بوو کە خواست و زەرووەتی مێژوویی و کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. هەر بۆیەش کاریگەرییەکان نەک زۆر بەڵام حاشای لێ ناکرێت کە ڕەنگدانەوەی لە هەستانەوەی کۆمەڵگادا هەبووە.
سیاسەتی چاوەڕوانی زیانێکە کە هەتا ماوەکەی درێژ بکرێتەوە زیاتر نوقمی دەبی و خوڵقاندنی دەرفەتیش حەرەکەتێکە بچووک یا گەورە "تحمیل اراده" بە سەر دۆخی مەجوووددا بۆیە ڕاسان مۆرێک بوو لە "نا" بە ڕێککەوتنی بەرجام و سەپاندن و نیشاندانی ئیرادەیەک بە سەر ڕۆژئاوادا.

# "عەشیرەگەرایی" ژەهرێکی ڕەفتاری

مینا

کوردەواری پەندێکی هەیە دەڵێت: "لە پڕێک بوو بە کوڕێک"؛ بۆ ئەو پەندەی کوردەواریم هێناوە؟، لەبەر ئەوەیکە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە هەتا ئێستا ئەوەندەی پێشکەوتن بە خۆیەوە بینیوە، لەپڕرا نەبووەتە ئەو کۆمەڵگەیە و ڕێگایەکی دووری بڕیوە کە بە ئێستا گەیشتووە کە ئێستا باس لە کۆمەڵگەی جیهانی، کۆلانێکی جیهانی، جیهانی یەکدەست و ئەو چەمکانە دەکرێت.
کۆمەڵگە تەنیا لە توێژێک یان چینێک درووست نەبووە و تێکەڵاوێکە لە هەموو قشر و توێژ و بیر و هزری جیاواز کە لە دەوری پێکهاتەیەکی دەسەڵاتدا کۆدەبنەوە و ژیانی خۆیان دەکەن. ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکدا پێکهاتەی سیستمی دەسەڵاتداری لاواز بێت یان دەسەڵات نەتوانێت کۆمەڵگەیەکی یەکدەست لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و ئابووری پێک بێنێت؛ لەو کاتەدا چینێک، توێژێک، قشرێک یان گرووپێک کە لە دەسەڵات نزیکترە خۆی لە بازنەی حوکمڕانی داوێت و کەڵک لە ئیمکاناتی دەسەڵات بە هەموو مانایەک وەردەگرێت.
لە حوکمڕانیی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا ئەو کەس و لایەنانە، بە تایبەت کەسانی ئایینی کە مێشک و هزریان بە باوەڕی ئیدئۆلۆژی شیعەوە ئاو دراوە، ئەو کەسانەن کە سوود و قازانج لە دەسەڵات وەردەگرن. لە وڵاتێکی وەکوو تورکیەدا کەسانێکی فاشیست لە دەسەڵات دەخۆن. لە وەها حاڵەتێکدا دەرفەتێکی باش بۆ "عەشیرەگەرایی" سەر هەڵدەدات. عەشیرەگەرایی لە هەر کۆمەڵگەیەکدا وەک تۆوێکی چاندراوە کە هەمیشە توانای شین بوونەوەی هەیە جا کاتێک سیستمی سیاسی یان دەسەڵات توانای یەکدەست کردنی کۆمەڵگەی نەبێت، عەشیرەگەرایی، خزم خزمێن و تایفەگەرایی سەر هەڵدەدات.
لە بازنەی عەشیرەگەراییدا هیچ پێشکەوتنێک نایەتە ڕوو، چونکە لەو حاڵەتەدا سەرۆکی عەشیرە یا گەورەی تایفە بڕیاردەریی یەکەم و کۆتاییە و بوونی تاک هیچ مانای نییە و سەربەخۆیی تاک سڕدراوەتەوە.
لە تایبەتمەندییە ئەسڵییەکانی عەشیرەگەرایی "دەمارگرژی"ـە و پێناسەیەکە کە سنووری خۆی لەگەڵ سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی خۆیدا دیاری دەکات. لەو سنووربەندییەدا هیچ لایەنێکی دیکە قەبووڵ ناکرێت و بۆ قەبووڵکردن و چوونە ناو ئەو بازنەیە بە هەر ئیدە و ڕەفتارێک دەبێ ملکەچی خواست و ویستی ئەو پێکهاتەیە بی.
"انکار و اصرار" تایبەتمەندییەکی دیکەی عەشیرەگەراییە؛ واتە "انکار" بۆ ئەو شتەی کە لە دەرەوەی سنوور و بازنەی بیرۆکە و ڕەفتاری ئەوانە، چونکە هەر کردە و هزرێک لە پێوەندییە ڕەق و ویشکەکانی ئەواندا نەگونجێت، هێڵی سوورە و بەستێنی ئەوە پێک دێنێت کە تاک ئەگەر لە خودی خۆیان بێت، وەلای دەنێن.
لەو پێکهاتەیەدا کۆمەڵگە بە خۆمانە و بێگانە، ڕەسەن و نارەسەن دابەش دەکرێت و پێوندی نێوان خویان لەگەڵ پێوەندەی دەرەوە دەپچڕێنن. لەو حاڵەتەدا پەیکەرەی کۆمەڵگە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لاوازتر دەبێت هەتا جێگایەک کە سیستمی دەسەڵات، حیزب یان گرووپ بەرەو گەندەڵیی ئابووری و ئیداری هەنگاو هەڵدێنێت.
ئەگەر چاوێک لە سیستمی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکەین، دەسەڵاتەکان لە چوارچێوەی "خاندان، تایفەی باڵادەست، عەقڵییەتی زاڵ، زمانی زاڵ"دا کار دەکەن و لە دەرەوەی ئەو بازنەیە تاک مانای ڕاستەقینەی نییە.
لە سیستمی کۆمەڵگای کوردەواریشدا، ڕەنگی عەشیرەگەرایی بە سەر ڕووی کۆمەڵگەدا کشاوە و بۆ سڕینەوەی ئەو بابەتە یەکەم دەرفەتی دەوێت، دووهەم فەرهەنگێکی بەهێزی ئاگاهیی دەوێت کە دووهەمی بەسەر یەکەمیدا فەرزە.
یەکێک لە ڕسالەتەکانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ بە تایبەتی نەوەی نوێی کوردستان ئەوەیە بۆ "نهادینەکردن"ـی پۆستی "اکتسابی" کار بکەن و پێگەی پۆست و مەقامی "انتسابی" بسڕنەوە. چونکە کۆمەڵگەی کوردستان ئێستاش قوربانیی بنکر و خڵتەی ئەو بیرۆکە و ڕەفتارەیە و تاک بڕیاری خۆی نییە و یەکدەستی و یەکگرتوویی کۆمەڵگەی بنبڕ کردووە.
ئێمە دەبێ باوەڕ بەوە بێنین کە ئەسڵی "اصالت وجود" لەسەر " خود اصالت پنداری" فەرزترە و دنیای ئەمڕۆکە دنیای "نژاد برتر، زبان اصیل، گروە نژادی" و ئەو چەمک و دەستەواژەیە نییە و زۆر دەمێکە "خود اصالت پنداری" کۆتایی پێهاتووە.



# تەنیا خۆمان بەرپرسیارین لە ئاست بارودۆخی ڕۆژئاوای کوردستاندا



## کاروان

لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هیچ نەتەوەیەک بارتەقای نەتەوەی کورد گلەیی لە ڕابردووی خۆی نەبووە و نییە، بەڵام کورد بارتەقای هیچکام لەو نەتەوانە نەیتوانیوە یا نەیویستووە ڕەخنەیەکی ئەساسی و درووست لە ڕابردووی خۆی بگرێ و ڕێکارێکی درووستتر و گونجاوتر بۆ دەربازبوون لەو بارودۆخە نەشیاوەی کە پێیەوە دەناڵێنێ، بدۆزێتەوە و بگرێتە بەر. هەموومان لە گێڕانەوە و وەبیرهێنانەوەی هەڵە مێژوویی و خیانەتە نەتەوەییەکانی نەسڵەکانی پێشوومان پسپۆڕین، کەچی کەم واهەبووە بتوانین خۆمان لە دووپات و چەندپات بوونەوەی ئەو هەڵانە بپارێزین و بە دوور بگرین. بۆ ئێمە هیچ شتێک لەوە ئاسانتر نییە تا تاوانی شکست و نەهامەتییەکان بخەینە ئەستۆی لایەنەکانیتر و خۆمان لەژێر باری بەرپرسایەتیی ئەو شکستانە دەرباز بکەین !. ڕەنگە هەڵە نەبێ ئەگەر بڵێین گرینگترین هۆکاری ئەو ڕەفتارانەمان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە زۆربەمان لایەنگری کردنمان لە ڕێبازە سیاسییەکان نە لە دەرەنجامی بە دواداچوون و خوێندنەوەیەکی شیاودا، بەڵکوو لە ڕووی ئیمانێکی کوێرکوێرانە و خووگرتنمان بە دەروێشییە !. ڕەخنە لەخۆگرتن بە لامانەوە تاوانێکی گەورەیە و سەیریش نییە کە واین، ئیمان و بە تایبەتیش ئیمانی کوێرکوێرانە ژەهرە بۆ ئاوەز و بیرکردنەوەیەکی ژیرانە و هەر بەو هۆیەشەوەیە کە قودسییەت بە باوەڕەکانمان دەبەخشین و لادان و ڕەخنەگرتن لەو ڕێبازانە بە کفر و تاوان دەزانین .

هۆکاری سەرەکیی شکستەکانی ئەورۆمان هەر هەمان ئەو هۆکارە سەرەکییانەن کە بوون بە هۆی شکستی شۆڕشەکانی پێشووتری کورد لە چەند سەد ساڵی ڕابردوودا. پشت بە دوژمن بەستن، ناتەبایی و خۆبەزلزانی، تاکڕۆیی و گۆنەدان بە ویست و داخوازیی زۆرینەی کورد و هەوڵدان بۆ شکاندن و لە ڕەوایی خستنی باقی هێزە کوردییەکان، هەر ئێستاش و وەک ڕابردوو لای هێندێک لە بەناو سیاسییەکانی کورد، بە وێنەی یاسایەکی نەگۆڕ و پیرۆز لێی دەڕواندرێ و کاری پێ دەکرێ !.

بە چاو پێداخشاندنێکی ئاسایی بەسەر بارودۆخی ئێستای ڕۆژئاوای کوردستاندا، ڕاستیی ئەو بۆچوونەمان بۆ دەردەکەوێ. کێ هەیە بتوانێ حاشا لە هەڵەکانی کورد لە خولقاندنی ئەو مەترسییانە کە ئەورۆ بوون بە گەورەترین هەڕەشە لە سەر دەسکەوتە نیوەچڵەکەی کورد لەم بەشەی کوردستاندا بکات ؟ لە خۆمان زیاتر کێ دەیتوانی کورد لە ڕۆژئاوادا تا ئەو ڕادەیە تووشی بێ هیوایی و ترس و دڵەڕاوکێ بکاتەوە؟ ڕەشبینی و زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین، ئێمە پسپۆڕین لە دۆڕاندندا .

پێشبینی کردنی ئەوڕۆی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستاندا و هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی خەڵکی سوریادا ، پێویستی بە ژیری و وریایی نەبوو .

هێزێک دەستی کرد بە هەڵاواردن و ئینکارکردنی باقی حیزبە کوردییەکانیتر لە ڕۆژئاوادا و بە خائین و نارەسەن ناوی بردن و بەو ڕەفتارانەی هەر زۆر زوو ئاوێکی ساردی بەسەر هەموو ئەو کوردانەدا ڕشت کە بە هیواو هومێدەوە لە ئاڵوگۆڕەکانی سوریایان دەڕوانی. ئەوان بە گرتنەبەری هێڵی سێهەم (!) سەریان لە خۆیان و لایەنگرەکانیشیان شێواند . بۆیە هەر ئێستاش نە خۆیان و نە لایەنگرەکانیشیان ناتوانن بە ڕوونی و ڕاشکاوی باس لە ئامانجەکانی حیزبەکەیان بکەن. ئەوەی لە ڕاگەیاندنەکانی ئەو حیزبەو لایەنگرانی ئەو حیزبەدا زیاتر لە هەموو شتێک زەق دەکرێتەوە، هەواڵە حەماسییەکانی باڵی چەکداری ئەو حیزبەیە نەک، !!! سیاسەت و پلان و بەرنامەکانی ئەو حیزبە بۆ ئێستا و داهاتووی کورد و کوردستان لە سوریادا . گرتنەبەری ڕەفتاری ناسیاسییانە و سەقەت و زەق کردنەوەی سیمبۆلەکانی هێزێکی شوێنی دیکە، بە بێ لەبەرچاوگرتنی دەرەنجامەکانی، نیشانی دا کە ئەوان بەر لە بەرژەوەندیی کورد و داخوازییەکانی گەل، بەرژەوەندیی حیزبی و گرووپیی خۆیانیان بەلاوە گرینگە.

دژایەتی کردنی حیزبە کوردییەکانیان کرد بە نیشانەی ژیری و حاشا کردن لە سەربەخۆیی، فیدراڵ و ئۆتۆنۆمیی کوردستانیشیان کرد بە نیشانەی دێموکرات بوون!. ئەوان، زیاتر وەک هێزێک دەرکەوتن کە پێش بە ڕاپەڕینی خەڵک و ڕادیکاڵ بوونەوەی داخوازییە ڕەواکانی گەلی کورد لەو بەشەی کوردستاندا بگرن. ئەگەر جارناجارێک لێرەو لەوێ کەسێک یان وتەبێژی وڵاتێکی سێهەم ئاماژەی بە مافی کورد لە ڕۆژئاوادا دەکرد و دابینکردنی ئەو مافانەیان وەک پێویستییەکی سیاسی و مرۆڤی دەخستە ڕوو، بەر لە داگیرکەرە دڕندەکانی کوردستان، ئەوە ئەوان بوون کە خستنە ڕووی ئەو داوایانەیان بە نیشانەی دواکەوتوویی و پلانی ئیمپڕیالیزم لە دژی گەلی کورد دەزانی !!!. و ... .

نەبوونی سیاسەت و ئامانجێکی ڕوون و ئاشکرا، هەوڵدان لە پێناو ناتەبایی و ئینکاری حیزبە کوردییەکان، کەڵکوەرگرتن لە بارودۆخی ڕۆژئاوا بە مەبەستی ڕێکلامی حیزبی، نەبوونی تێگەیشتنێکی لۆژیکی بەرانبەر هەڵکەوتەی جۆگرافیایی ئەو بەشەی کوردستان و دراوسێ بوونی لەگەڵ یەکێک لە دڕندەترین و خوێنمژترین داگیرکەری کوردستان، سەرکوت کردنی زۆرەملیانەی خەڵکی جیابیری کورد، پێش گرتن لە خستنەڕووی واقیعیانەی داخوازیی نەتەوەیی کوردەکان و گرتنەبەری ڕێکاری نادێموکراتیک و دوور لە شۆڕشگێڕی، بووە هۆی تۆراندن و ناهومێد بوونی بەشی هەرە زۆری خەڵکی کورد لە ڕۆژئاوادا کە ئاکامەکەشی بوو بە ئاوارەیی و چۆڵ کردنی شار و گوندەکان لە لایەن ئەو خەڵکانەوە و ئەوانەشی کە مانەوە بە بێ ویستی دەروونیی خۆیان بێ دەنگییان هەڵبژارد .

لەوەها بارودۆخێکدا ناکرێ چاوەڕوانی کارەساتەکان نەبین. هاوکاریی حکومەتی ئامریکا لەگەڵ "پ ی د" لە سەر داوای حکومەتی هەرێم لە باشووری کوردستان لە لایەک و لەلایەکی ترەوەش لەبەر نەبوونی هێزێکی باوەڕپێکراو و ڕێکخراو لە سوریادا بە مەبەستی دژایەتی کردنی هێزە تیرۆریستەکان بوو. ئامریکاییەکان لەگەڵ هێزە کوردییەکان لە سووریە هیچ ڕێککەوتننامەیەکان لە نێواندا نەبووە تا بکرێ لەسەر هاوکارییەکانیان تا گەیشتنی کورد بە مافەکانی (!) حیسابی بۆ بکرێ. ئەگەر بڕیاری ترامپ لەمەڕ بردنەدەری هێزە چەکدارەکانی ئامریکا لە ڕۆژئاوادا، ڕەخنەی زۆری لە ناوخۆی ئامریکا و ئورووپادا لێدەگیرێ، لەبەر ئەوە نییە کە خیانەت بە کورد دەکرێ، بەڵکوو لەبەر ئەوەیە کە پێیان وایە بە کشانەوەی هێزەکانی ئامریکا بەرژەوەندییەکانی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە ئامریکاشەوە، دەکەوێتە ژێر مەترسی . ڕەنگە کۆشکی سپی و ترامپ بە هۆی گوشارەکان تا ڕادەیەک و بۆ ماوەیەکی سنووردار لە پەلەکردن لە کشانەوەی سەربازەکانییان پاشگەز ببنەوە، بەڵام ئەوەی ڕوون و ئاشکرایە ئەوەیە کە نە ئامریکا و نە هیچ وڵاتێکی دیکە ئامادە نین بۆ دڵی کورد و چاوی کورد تا ئەبەد خۆیان لە ئاست مافی کورد بە بەرپرس بزانن . سیاسەت لای ئەوان یانی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و هیچیتر، تا ئەو جێگەیە و ئەو ڕۆژە لەگەڵمانن کە لە قازانجی بەرژەوەندیی نەتەوەیی ئەواندایە. ڕێک ئەو بەرژەوەندییەی کە لای هەندێک هێزی کوردی هیچ بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە .

ئەوەیکە دەبێ و پێویستە لە ئاست چارەنووسی کورد لەو بەشەی کوردستاندا خۆی بە بەرپرس بزانێ، تەنیا خۆمانین . ئەگەر بەڕاستی مافەکانی گەل و بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی کوردمان بەلاوە گرینگە، دەبێ ڕەفتار و سیاسەتەکانیشمان کوردانە و لە پێوەندی لەگەڵ بەرژەوەندیی کورددا بێت هێزەکانی کورد بە بێ بەخۆداچوونەوەیەکی ئەساسی و پێناسە کردنێکی سەردەمیانە و نوێی درووشم و داواکانی خۆی بە شێوەیەک کە گونجاو بێت لەگەڵ یاسا مرۆیی و دێموکراتیکەکان، هەرگیز ناتوانن بەسەر گرفتەکاندا زاڵ بن. هاوکاری و یەکگرتوویی هەموو هێزە کوردییەکان لە ڕۆژئاوادا، پێناسەکردنێکی زانستییانە و درووست و ڕوون و شەفاف لەسەر داواکارییەکانی کورد، هەوڵدان بۆ کردنەوەی ڕاستیی دەرگای وتووێژەکان لەگەڵ حکومەتی ناوەندیی سوریادا وەک واقیعێکی حاشاهەڵنەگر، پێشگرتن بەو ڕەفتار و درووشمە ناپێویستیانەی کە بیانوو دەبەخشن بە حکومەتی تورکیا بۆ هێرش کردن بۆ سەر خاکی کوردستان لە ڕۆژئاوادا، سووربوون و پێداگری لە سەر دێموکراتیزە کردنی سوریا، هەوڵدان بۆ پێکهێنانی پێوەندییەکی پتەوتر لەگەڵ ڕوسیا و یەکیەتیی ئورووپا بە مەبەستی وەدیهێنان و دەستەبەرکردنی مافە ڕەواکانی کورد، پتەوترکردنی پێوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حیزبە کوردییەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، هەوڵدان بۆ هەڵبژاردنێکی دێموکراسییانە لە ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان و پێکهێنانی پاڕلمان و حکومەتێکی دێموکرات لە ڕۆژئاوادا کە بتوانێ نوێنەرایەتیی داخوازییەکانی زۆرینەی کورد بێت لەو هەرێمەدا و .... ، ڕێگاچارەیەکی پێویست و گونجاون بۆ گەیشتنی کورد بە ئامانجەکانی. بە بێ وەدیهاتنی زۆربەی ئەو خاڵە ئاماژەپێکراوانە، زەحمەتە کەشتیی کورد لە ڕۆژئاوادا بتوانێ بە کەنارەکانی ئازادی بگات و لەنگەر بگرێت .

# ڕۆژ و مانگەکانی داهاتوو بۆ ئێران و کۆماری ئیسلامی چۆن دەبێت؟ ئایا وەک هەندێک شڕۆڤەکار دەڵێن شەڕ لە ئێراندا دێتە ئاراوە؟ ئەگەر شەڕێک یەخەی ئەم وڵاتە دابگرێ ئایا شەڕی نێوخۆیی دەبێت و خەڵکی وەزاڵەهاتوو لەدژی ڕێژیم ڕادەپەڕن یان شەڕی کۆماری ئیسلامی و لایەنێکی دەرەکی دەبێت؟ بەگشتی دواڕۆژی ئێران چۆنە؟ ئەمانە و چەند پرسیارێکی دیکەمان لەگەڵ بەڕێز «ئارشساڵح» نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئامریکا هێناوەتە بەر باس کە لێرەدا سەرنجتان بۆ بینینی ڕادەکێشین:



**لە ڕۆژانی ڕابردوودا هەندێک لایەنی دەرەکی و ناوخۆیی باسیان لە ئەگەری هەڵایسانی شەڕێکی هەمەلایەنە لە ئێراندا کرد. عەلیمحەممەد نائینی، ڕاوێژکاری فەرماندەی گشتیی سپای پاسداران باسی لە قوڵتربوونەوەی کێشە نێوخۆییەکان و تەنانەت هەڵایسانی شەڕ کرد؛ "حەسەن خومەینی"، لەبارەی هەڵوەشانەوەی دەسەڵاتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بارودۆخی نالەباری ڕێژیم وتوویەتی: "هیچ گەرەنتییەک نییە کە ئێمە بمێنینەوە و کەسانی دیکە بڕۆن". هاوکات عادڵ ئەلسالمی، شڕۆڤەکاری ڕۆژنامەی شەرقەلئەوسەت لە وتارێکیدا باسی لەوە کردووە کە هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئێران بەچەشنێکە کە ئەگەری قەیرانی قووڵ و تەنانەت شەڕ لە ئارادایە. ئایا شەڕ لە ئێراندا ڕوو دەدات؟**

لە ڕاستیدا بە واتایێک ئێستە ئێران لە دەڤەرە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە ناو جۆرێک ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازیدایە. لە سووریە بۆ وێنە هێزەکانی جارناجار دەکەونە بەر پەلاماری ئیسرائیلییەکان. لە یەمەندا لە ڕێگەی پراکسیەکانی خەریکی ڕووبەڕوونەوە لەگەڵ عەرەبستان. ئەمانە هەموو ڕووبەڕوونەوەی سەربازین و هەر کات ئیمکانی ئەوە هەیە کە هەرکام لەم کێشانە ببن بە شەڕێکی تەواو عەیار لە نێوان ئێران و یەکێک لەو وڵاتانە. ئەمڕۆ بەڵام سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئەوەیە کە ئەم بارودۆخە کونترۆڵ بکات و هێدی هێدی بە بەرفراوان کردنی حەوزەی نفووزی نیزامی خۆی یان ئیستێلاحەن بە پەرەدانی قووڵایی ئیستراتیژیکی خۆی، جیهانی ڕۆژاوا ناچار بکات کە لەگەڵ ڕاستی ئێرانێکی بەهێز ڕووبەڕوو ببنەوە. بەڵام کێشەکە هەڵدەگەڕێتەوە بۆ سێ شت، یەکەم ئەوەی کە ئێران ئەگەرچی زۆرجار پیشانی داوە کە لە بەرامبەر هێز و گوشاردا پاشەکشە دەکات و کارێک ناکات کە مەجوودیەتی بکەوێتە مەترسییەوە بەڵام هاوکاتیش دەری خستووە کە خاوەنی هەندێک ڕەهەندی ناعەقڵانی بەهێزە کە دەتوانێت لە بڕیارێکی کاتی تەنشزادا کاریگەر بێت. هەروەها بابەتی دووهەم ئەوەیە کە لایەنی بەرامبەری ئێران واتە عەرەبەکان، ئیسرائیل و ئامریکا هاودەنگن لەسەر ئەوەیکە ڕێگە نەدەن ئێران بەو ئاسوودەییە ئەم پلانەی خۆی جێبەجێ بکات. بۆیە ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە تێچووی ئەم مەسەلەیە بۆ ئێران زیاتر بێت و هەروەها ئەگەری پێکهاتنی تێکهەڵچوون زۆرتر بێتەوە. بابەتی سێهەم ئەوەیە کە ئێران لە ناوخۆدا ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی سەرەکی بۆتەوە. ئەم قەیرانانە دەتوانن کاریگەری زۆریان لەسەر شێوازی بڕیاردانی ئێران هەبێت. بۆ وێنە ئێران لەوانەیە زۆریش بێ مەیل نەبێت بە مەبەستی ئەوەیکە قەیرانەکانی ناوخۆی کونترۆڵ بکات و کۆمەڵگا سەرکوت و میلیتاریزە بکات تێکەڵ بە شەڕێکی کونترۆڵکراو لەگەڵ ئامریکا ببێت. بۆیە ئەگەرچی لەسەر لاپەڕە، ئێستا باسی شەڕ تۆزێک دوورە لە ڕاستییەوە بەڵام لە کردەوەدا ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ بە تەواوەتی ڕەد ناکرێتەوە.

**بۆچوونی سیاسییەکانی دەوڵەتی ئامریکا کە لە یاری نێوان ئێران و جیهان ئەکتەرێکی سەرەکی و تەنانەت دەتوانین بڵێین یەکلاکەرەوەیە، سەبارەت بە دۆخی ئێران و داهاتووی ئەم وڵاتە چییە؟**

بەلەبەرچاوگرتنی هەندێک لێدوانی کەسایەتییەکانی ئامریکا و یەک لەوان ڕیچارد هاس کە پێشبینی دەکەن لە ساڵی ٢٠١٩دا شەڕێک لە نێوان ئێران و یەکێک لە وڵاتانی عەرەبستان، ئامریکا و ئیسرائیل دێتە ئاراوە.

دیارە کەسانێک وەکوو ڕیچارد هاس زیاتر لە چوارچێوەی لێکدانەوەی خۆیان قسە دەکەن کە ئەگەری ئەوەش هەیە کە دروست نەبێت. بەشێک لەو لێکدانەوانەش بۆ ئەوەی بتوانن سەرنجی زیاتر بۆ لای خۆیان ڕاکێشن ڕادیکاڵن هەندێکشیان ئامانجی سیاسییان لە پشتە بۆ وێنە بە مەبەستی ئەوە وا دەڵێن کە دەوڵەتی ئامریکا بخەنە ژێر گوشارەوە کە هێرشەکانی بۆ سەر ئێران کەم بکاتەوە. بەڵام لە ڕاستیدا سەبارەت بە شێوەڕوانینی بەرپرسانی ئامریکا بۆ ئێران تەنیا یەک شت ڕوونە ئەویش ئەوەیە کە هیچ شتێک ڕوون نییە. لە ڕاستیدا لە ئامریکا تا ڕادەیەکی بەرچاو هاودەنگی لەسەر هەڵسووکەوتی ئێران لە ناوخۆ و دەرەوە هەیە بەڵام لەسەر چۆنیەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو وڵاتە دەتوانم بڵێم کەمتر دێتە پێشەوە دوو کەس هاوبیر بن. کێشەی ئێران ئێستا بۆتە کێشەیەکی سیاسەتی ناوخۆی ئامریکا. لایەنە سیاسییەکان بۆ دژایەتی یەکتر و بە مەبەستی سیاسی، هەرکامیان بەجۆرێک بابەتی ئێران بەرز دەکەنەوە و هەڵوێستێکی جیاواز لەو بارەوە دەنوێنن. هەر ئەم مەسەلەیە بۆتە هۆی ئەوەیکە بابەتی ئێران لە ناو کۆمەڵگای ئامریکادا ببێتە خاوەنی هەستیاریەکی زۆر. ئەم مەسەلەیە و ئەزموونی تاڵی ئامریکاییەکان لە شەڕی ئەفغانستان و عێراق وای کردووە کە سیاسییەکان نەتوانن بە ئاسانی بیر لە ئیستراتیژی بکەنەوە یان بە ڕاشکاوی بیروبۆچوونیان دەرببڕن. بابەتی شەڕی نێوان ئێران و ئامریکا بابەتێک نییە کە لێرە سیاسییەکان بیانەوێ بە ڕاشکاوی باسی لێوە بکەن. ئێمە دەبێ ئەوە بزانین کە ئامریکاییەکان زۆر لەوە دەترسن کە تێکەڵ بە شەڕێکی تر لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا ببنەوە. بە داخەوە ئامریکاییەکان وەکوو ئێمە چاو لە بابەتەکە ناکەن. ئەوان بۆ گۆڕانکاری پەلەیان نییە لەبەر ئەوەی نەتەوەکەیان لە مەترسیدا نییە، بەڵام بۆ ئێمە خێرایی لە گۆڕانکارییەکان بابەتی مەرگ و ژیانی یەک نەتەوەیە، بابەتی بەدبەختی و ئاوارەیی و شەڕ و کوشت و کوشتارە بەڵام بۆ ئەوان بابەتی ڕێگەپێوانی مێژووییە لە مەسیری خۆیدا. ئێمە بۆ ئەوەی بتوانین کاریگەر بین دەبێت توانایی ئەوەمان هەبێت لە دەلاقەی ئەوانیشەوە دنیا ببینین. کە لە دەلاقەی ئەوانەوە چاو لێ دەکەی، ئێمە تەنیا کەسانێک نین کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوین دەژین و کێشەی ئێمە تەنیا کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوین نییە کە پێوەندی بە ئامریکاوە هەبێت یان کاریگەری بەسەر بەرژەوەندییەکانی ئەو لەم ناوچەیە هەبێت.

**پڕئاشکرایە کە هەلومەرجی نێوخۆیی ئێران زۆر ئاڵۆزە؛ لەلایەکەوە زەخت و گوشار بۆ سەر چالاکانی سینفە جۆراوجۆرەکان و نەتەوەکانی نیشتەجێ لەم جوغرافیا، لەلایەکەوە قەیرانە هەمەڕەنگەکانی وەک ئاو، بێکاری، ژینگە، ڕەوایی سیاسی و هتد. کۆی ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردووش ئەوەمان پێدەڵێ کە کۆماری ئیسلامی لە نێوەڕۆکی خۆیدا بەتاڵ بووەتەوە. دوورەدیمەنی ئێران چییە؟ ئایا کۆماری ئیسلامی دەتوانی بەسەر قەیرانە ناوخۆییەکاندا زاڵ بێت یان نا دەسەڵات لە دەس دەدات؟**

- کۆماری ئیسلامی مەحکوومە بەوەی یان لە بەرامبەر خواستی کۆمەڵگاوە کۆتا بێت یان بڕوات. تەنانەت ئەگەر ئەم قەیرانانەش نەبن کۆماری ئیسلامی ناچارە کە یەکێک لەو دوو ڕێگەیە هەڵبژێرێت. ئەم بارودۆخەی ئێستای کۆماری ئیسلامی لە ئاکامی قەیرانەکاندا نییە کە هاتۆتە ئاراوە بەڵکوو ئەم قەیرانانە لە ئاکامی هەبوونی کۆماری ئیسلامین کە پێک هاتوون بۆیە لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی و کۆمەڵگای ئێران کاتێک دەتوانن لەم قەیرانانە نەجاتیان ببێت کە کۆماری ئیسلامی یان نەمابێت یان تەسلیمی خواستی گەلانی ئێران بووبێت. کە باسی کۆتاهاتن دەکەین مەبەستمان ئەوەیە کە کۆماری ئیسلامی هەم لە بنەما فکرییەکاندا و هەم لە پێکهاتەی سیاسیدا و هەم لە ناو و هەم لە ناوەڕۆکدا تووشی گۆڕانی بنەڕەتی ببێت. واتە سیستمی زاڵ بەسەر ئێران دەبێت مل بەوە بکات کە یەکەم ببێت بە سیستمێکی فێدێراڵ و دێموکرات و دووهەم ئەو کەسانەی کە دەستیان بووە لە کوشتن و تیرۆر و ئەشکەنجە و هەرجۆرە ناعەدالەتییێک لەم چل ساڵەی ڕابردوودا، بکەونە بەردەم دادوەری. تەنیا لەم بارودۆخەیە کە ئیمکانی ئەوە هەیە کە کۆمەڵگای ئێران لە قەیرانەکانی ڕزگاری ببێت. بەباوەڕی من قەیرانی ئێران تەنیا قەیرانی ئابووری نییە. ئەم کێشانە بە گەشەی ئابووری چارەسەر نابن، لەبیرمان نەچێت ئێران سەردەمێک زۆر بە لەحازی ئابوورییەوە بارودۆخی باش بوو، تۆزێک کراوەیی سیاسیشی تێدا بەدی دەکرا بەڵام لەبەر ئەوەی خواستی شوناسە جیاوازەکان پشتگوێ خرا نەیتوانی گەشەی ئابووری و سیاسی خۆی بەرەو پێش ببات. ئەگەر چاو لە مێژووی ئێران بکەن لە سەردەمی دامەزراندنییەوە واتە لە شۆڕشی مەشرووتەوە تا ئێستا هەمووکات گۆڕانکارییەکان ئەگەرچی دەبنە هۆی تۆزێک لە کراوەیی سیاسی بەڵام دیسان پێکهاتەی موتەمەرکێزی دەسەڵات کە بە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوە جیاوازەکان فۆرمی گرتووە و بەردەوام بووە، دەبێتە گەورەترین لەمپەڕ لە بەرامبەر گەشەی سیاسی و پێکهاتنی بەشداری سیاسی. هەر بۆیەش هەر هەوڵێک بۆ پێکهێنانی گۆڕانێکی واتادار، بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو فاکتەرە نەزۆک دەبێت و بە زووترین کات دۆخەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەسەڵاتی موتلەقە و دیکتاتوری و لە ئاکامدا قەیران. بۆیە لە ڕاستیدا ئەگەر ئێران لەسەر بنەمای بەشداری نەتەوە جیاوازەکان و بەرامبەری شوناسە جیاوازکان دانەمەزرێت، هیچ کات دانامەزرێت و هەر ڕێژیمێک کە لە سەر کار بێت تووشی ئەم حاڵەتەی ئێستای کۆماری ئیسلامی دەبێت و لەگەڵ هەمان ئەم قەیرانانە ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

**ئەگەر وەها گریمانە بکەین کە لەم ململانێدا ڕێژیمی تاران بڕوخێت، ئایا ئەو جوغرافیا کە بە ئێران ناسراوە لە پاش کۆماری ئیسلامی وەک خۆی دەمێنێتەوە یان وەک زۆر لایەن باسی لێوە دەکەن لێک هەڵدەوەشێتەوە و وڵاتگەلی جیاواز لەدایک دەبن؟**

ئێمە دەبێ وریا بین خەون و ئارەزوو بە جێگەی لێکۆڵینەوە بە خەڵک نەفرۆشینەوە. ئەگەر چاو لە عێراق و سووریە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە ئەم سنوورانە کە ئێستا وڵاتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوینی پێکهێناوە شتێک گەورەتر لە خودی وڵاتەکان دەیانپارێزێت، ئەویش نەزمی نێودەوڵەتییە کە لەسەر هەندێک بنەما و پرەنسیپ دامەزراوە. ئەو نەزمە و ئەو پرەنسیپانە لە دژی بەرژەوەندی ئێمەن بەڵام بوونیان هەیە و بەهێزن. بۆیە پێکهێنانی گۆڕانکاری لە بارودۆخی هەبوو پێویستی بە ناسینی هێزە پاڵپشتیکەرەکانی بارودۆخی هەبوو هەیە. گەلی کورد بۆ ئەوە بتوانێت بە ئامانجەکانی بگات دەبێت بتوانێت ڕێساکانی یارییەکە بناسێت و بزانێت کە دەبێ چۆن کەڵکیان لێوەربگرێت. هەڵوەشانەوەی سنوورەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوین بەو ئاسانییە نییە کە لە دنیای دەرەوە بەدی دەکرێت. لانیکەم ئێستا بەو ئاسانییە نییە. پێداگری لەسەر ئەوەیکە ئێمە دەمانەوێ ئەو سنوورانە هەڵبوەشێنینەوە نە بەو ئامانجە یارمەتی دەدات نە بە گەیشتنی گەلەکەمان بە مافەکانی خۆی. بۆیە دەبێت بزانین کە ئێمە وەکوو سیاسی و شۆڕشگێڕی گەلەکەمان پێش لەهەرشتێک بەرپرسایەتی ئازادی و ئاسوودەیی گەلەکەمان لەسەر شانمان قورسایی دەکات و دەبێت خەباتەکەمان بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بابەتە درێژە پێ بدەین. لە لایەکی ترەوە گۆڕانی ڕێژیمی سیاسی بە واتای لەناوچوونی پوتانسیێلە جیاوازەکانی ئەو وڵاتە نییە، بەڵکوو ئەو سەرچاوانە و ئەو پوتانسیەلانە دەکەونە دەستی گرووپێکی تر. تەنانەت لەوانەیە بەشێک لە گرووپی پێشوو هێشتا بەشێک لە دەسەڵات بمێننەوە. بۆیە ئەو گرووپە نوێیە کۆمەڵێک پوتانسیێل و سەرچاوەی بە دەستەوەیە کە بۆ پێشگرتن لەو سێناریۆیەی جەنابت باست کرد کەڵکیان لێوەردەگرێت چوونکە بەرژەوەندییەکەی ئەوە وا حوکم دەکات. لە ئاوا دۆخێکدا کورد دەتوانێت داوای بەش لەو سەرچاوانە بکات یان بە پێداگری لەسەر جیابوونەوە ببێتە هۆی ئەوە کە لایەنی بەرامبەری یەکگرتوانە ئەو سەرچاوانە لە دژی کورد ڕێکبخات.

**لەم داهاتووە تەماوییەی ئێراندا ئۆپۆزسیۆنی کۆماری ئیسلامی و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چ دەور و نەخشێکی دەبێت؟ یان بەواتایەکی تر حیزبی دێموکرات لە دواڕۆژی ئێراندا لە کوێی هاوکێشەکان جێی گرتووە؟**

بەباوەڕی من لەم چەند دەیەی ڕابردوودا کۆماری ئیسلامی توانیویەتی بە ڕێگەی جۆربەجۆر ئۆپۆزسیونی خۆی لە دەرەوە تووشی کێشەی بنەڕەتی بکات. ئێمە وەکوو حیزبی دێموکرات دەبێ لە سێ ئاستدا بەرنامەمان هەبێت و بەڕێوەی ببەین. لە ئاسی یەکەم کە گرینگترینیانە ئەوەیە کە بەردەوام بە چالاکی زیاتر و پێداچوونەوە بە سەر بنەما فکرییەکانمان و پێکهاتەییەکانمان هەوڵی بەهێزکردنی خۆمان بدەین. زۆر گرینگە کە حیزبی دێموکرات ڕۆژ لە دوای ڕۆژ چالاکتر بێت. ئەزموونی چەند دەیە تێکۆشان دەری دەخات کە گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا گرینگی بە چالاکی دەدەن. لەم پێوەندییەشدا چالاکی پێشمەرگە گرینگترین جۆری چالاکییە. چاولێبکەن کە حوزووری پێشمەرگە چۆن دەتوانێت کۆمەڵانی خەڵک بەسیج بکات. خەڵکی ئاسایی کە هێشتا تێکەڵ بە سیاسەت نەبوونە و لە هەمان کاتدا دەیانەوێ لە ژیانیاندا گۆڕانێکی واتادار ببین وەکوو ئەو کەسانەن کە دەیانەوێ ئەسپەکەیان بباتەوە بۆیە پێیان باشترە یان لەسەر ئەسپی بەهێز مەرج بکەن یان قەد مەرجبەندی نەکەن نەک ئەوەی ناچار بن کە لەسەر ئەسپێکی لاواز مەرجبەندی بکەن. حوزووری پێشمەرگە و بەهێزبوونی پێشمەرگە وا دەکات کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەست بە زیندووبوون بکەنەوە و حیزبی دێموکراتیش زیاتر لە هەرکات بەهێز دەبێتەوە. لە ئاستی دووهەمدا حیزبی دێموکرات پێویستە هەوڵ بدات حیزبەکانی ڕۆژهەڵات بە لەحازی سیاسییەوە زیاتر لەگەڵ خۆی هاوڕا بکات. پێویستە هەوڵ بدات پێوەندی نێوان هەموو حیزبەکان بە شێوەیێکی ڕاستەقینە و لە ئاستی بەدەنەدا لەگەڵ یەک باش ببێت. پێویستە حیزبی دێموکرات پێگەی میحوەری خۆی لە ڕۆژهەڵات هەست پێ بکات و بە قەد ئەو پێگەیە ڕۆڵ بگێڕێت. لەم پێوەندیەدا پێویست ناکات هەر حیزبێکی گەورە و چکۆلە هاوڕا بێت بەڵام پێویست دەکات حیزبە سەرەکییە سەربەخۆکان حوزووریان هەبێت. باشترین کار بۆ ئەم مەبەستەش ئەوەیە کە ئەو میکانیزمەی بە ناوی ناوەند هەیە بەهێزتر بکرێت و هەوڵ بدرێت کە حیزبەکانی تر بێنە سەر ئەو قەناعەتە کە ناچارن سیاسەتی نزیک بوونەوە ببەنە ناو بەدەنەی خۆیان و تەنیا لە ئاستی ڕێبەرایەتی نەیهێڵنەوە. ئاستی سێهەم بە باوەڕی من ئاستی ئێرانە. حیزبی دێموکرات خاوەنی مێژوو و پێگەیەکی بەهێزە و لایەنە ئێرانییەکان بە باشی دەیناسن بۆیە حیزبی دێموکرات پێویستە هەم لە ڕێکخستنی نەتەوە بندەستەکان ڕۆڵ بگێڕێت و هەم لە نزیک کردنەوەی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی. حیزبی دێموکرات ئەگەر بەم ئاراستەیە بەرەو پێش بچێت دەتوانێت لە داهاتووی ئێراندا ڕۆڵی سەرەکی بگێڕیت.

سپاس بۆ وڵامدانەوە و خستنەڕووی باسەکەتان

سپاس بۆ ئێوەش.

# پێڵەوار

بێهزاد قادری

بڕیار دەرکرابوو! ئەرکی قورسی پێ ئەسپێردرابوو و دەبا بەزوویی جێبەجێی بکردایەت. تا ئەو کات، زۆر ئەرکی تری جێبەجێ کردبوو، بەڵام ئەمجار ئەرکێکی جیاواز و ئەستەمی لە ئەستۆ بوو. لە مێژە چاوەڕێی وەها دەرفەتێک بوو، بەڵام کە کاتی گەیشت، نەختێک ئاڵۆز ببوو، دەبا خۆی ئامادە کردایەت؛ دەروونی هەڵشێوابوو و دەبا خۆی پەیدا کردایەتەوە. ئاگاداری چارەنووسیشی بوو و دەیزانی کە دواتر، ژیانی چەندە دەگۆڕدرێت بەڵام ژیان لای ئەو واتایەکی تری هەبوو و لە دوای جێبەجێکردنی ئەرکەکەشی، واتایەکی تری پێ دەبەخشرا! چ مەرگێکی سەرسووڕهێنەرە کە وەها واتایەک بە ژیانێکی تر دەبەخشێت!

لێرەیە ژیانەکان و مەرگەکان، هەڵگری وشەی پیرۆز و ناپیرۆزەکانن.

لە پەنجەرەی ژوورەکەی ڕا سەیری شەقامە قەرەباڵغەکەی دەکرد؛ سەیری مرۆڤە هەڵگرەکانی دەکرد؛ هەڵگرانی ژیانی ئێستا و مەرگەکانی داهاتوو! مووچرکەیەک هەموو گیانی گرتەوە؛ وێنەگەلێکی دەدی کە دڵنیا بوو چیدی نایبینێتەوە. سەری بەرەو وێنە هەڵواسراوەکانی سەر دیوارەکەی وەرچەرخاند، ماقی بوو، بەرەو ڕابردوویەکی دوور ڕۆیشتەوە، نوقمی چاوی باوکی ببوو؛ چاوێکی ڕەش کە هەزاران ژیان و مەرگی تێدا نێژرابوو! چاوێکی پڕ لە ئازار و خۆشی، پڕ لە پێکەنین و گریان، خاک و خوێن و هەزاران قیژە و خۆڕنین و هەڵپەڕکێ. ئاوڕی بە ژوورەکەیدا دایەوە و بەرەو دۆڵابی جلوبەرگەکەی ڕۆیشت و چەکەکەی لە نێویدا دەرهێنا و سەیری دەکرد؛ جیاوازتر لە جاران سەیری دەکرد. هەمیشە بە ئاواتی وەها ڕۆژێک بوو. چەکەکەشی جیاوازتر لە جاران خۆی دەنواند و زۆرتر لە جاران خۆی بە "کوڵت" دەزانی. بەدیتنی چەکەکەی، هەزاران وێنەی نوێی دەهاتە پێشچاوی، وێنەگەلێکی تایبەت کە هەڵگری خۆشی و ناخۆشی بوو. لەناکاو باوکی هاتە ژوورەوە، سەیری کوڕەکەی دەکرد کە چەکی لە دەستە و هێزێکی سەیر لە چاوانی دەبینرا. ڕەنگی بزرکابوو و نەیدەزانی چۆن پێش بەو هێزە بگرێت؛ وەها توانایەکی لە خۆیدا شک نەدەبرد. خۆی هاتە پێشچاوی، ئەو کاتانەی کە وەها هێزێک لە چاوانی پەنگی خواردبووەوە. ئەو کاتانەی کە هەنگاوێک لە پێش مەرگدابوو. کوڕەکەی دەدی کە لە سەردەری خۆدۆزینەوەدا بوو. مەرگێکی دەدی کە واتایەکی بە ژیانێکی تر دەبەخشی، زمانی هەڵنەدەچەرخا و زەوی و زەمان لەلای ڕاوەستابوو. کوڕەکەی لەلایەوە تێپەڕی، چەکەکەی کردبووە کەمەریەوە و لە هەنگاوەکانی ئامانج دەتکا. هەستی دەکرد هەستێکی نامۆ ناهێڵێت کە تەنانەت سەریشی وەرچەرخێنێت.

ئەو لە شەقام بوو و هەنگاوەکانی چنگیان لە زەوی دەگرت. پێڵاوەکانی پیاوتر لە جاران بۆ پێشەوە دیبردن. خۆرێک لە سینگیدا کەوتبووە ترپەترپ. هیچ هەنگاو و پەڕانەوەیەکی نەدەدی. شەقام ببووە نیگارەیەک لە پێڵەوار و زنینەوە. ئامادەی ڕاوکردنی دەعبایەک بوو، کە دەیان خۆری کوژاندبووەوە و دەیان ئاواتی ڕاوکردبوو. لە پشت پێڵەوارێکدا خۆی حەشاردابوو؛ خۆر خۆی خستبووە ئەو دیوەوە و بۆرەتارێکی خەس، شەقامی داپۆشیبوو، نە دەنگێکی دەبیست، نە ڕووخسارێک بۆخۆی ڕایدەکێشا، چاوەڕێ بوو.

ئۆتۆمبێلێک لە چەند هەنگاویدا ڕاوەستا. پێڵەوار کەوتە جمە. لە ئۆتۆمبێلەکەی دابەزی؛ ئەمیش کە ناسییەوە، گوڕمی بۆ بەستەوە و چەکەکەی بەدەستەوە بوو. زەوی و زەمان وەستایەوە و چەکەکەی تەوێڵی کابرای کردبووە نیشانە؛ لە چاوانی تاوان دەتکا و تۆڵە لە لەشی نێچیروانەوە گوڕمی بەستەوە و لە لوولەی چەکەکەیەوە دەرچوو. شەقام پیس ببوو و بارانی دەخوازی. چەکەکەی لە کەمەری کردەوە و هەڵگەڕایەوە؛ شاخ لە ئامێزی گرت.

کوردستان

من لە شەویکی بەفراویدا
لە ناو ئەشکەوتێك
لە داوێنی پاکی
دایکێکی نیشتمانپەروەر
لە دایك بووم

بە بەرگی ئاشتی داپوشراوم
شیری ئازادیم خواردۆتەوە

بۆنی خوێنی نیشتمانم، هەستەوەرەکانمی وروژاند
بە ئاوازی سروودی پێشمەرگەکان ناوزەد کرام

ناوم نرا
کوردستان
ئەمن کچە کوردیکی شۆڕشگێڕم

پێشمەرگەپەکی دێموکراتم
پاڵەوانێکی ئاشتیخوازو ئازادیخوازم.

تۆش
ئەی ئاخوند
جەلادێکی خوێنمژ
و
زاڵمێکی ترسنۆکیت
لە بەردەم هێزی منا
چۆك دادەیت
چۆك دادەیت.

ژیلا سەلیمی

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan • No:741 5 Jan. 2019

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# ڕۆژنامەی کوردستان بەمەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەر دیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.








**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی بەفرانباری ساڵی ٩٧ی هەتاوی لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتییە لە حاڵەتەکانی دەسبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندار بوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران.**

## هیمایەک لە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە دوو حەوتووی ڕابردوودا




### کۆڵبەران

ڕۆژی پێنجشەممە ٢٩ی سەرماوەز، لە ناوچەی "دەشتە بێلی" شنۆ، کاروانێک لە کۆڵبەران دەکەونە بەر دەستڕێژی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک بە ناوی "عەلی مامەند" بە توندی بریندار دەبێت.

دووشەممە ٣ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی "ستار خزری"، تەمەن ٣٦ ساڵ کوڕی حامید، لە سنووری شاری سەردەشت و ڕانیە، بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان، بە توندی بریندار بوو.

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە ٣ی بەفرانبار، گرووپێک لە کۆڵبەرە کوردەکان، لە سنووری نێوان شاری قەڵادزێ و سەردەشت کەوتنە بۆسەی هێزە نیزامییە حکوومەتییەکان و بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییە حکوومەتییەکانەوە، دوو کۆڵبەری کوردی خەڵکی شاری سەقز، بە توندی بریندار بوون و بۆ نەخۆشخانەی شەهیدانی شاری قەڵادزێ ڕاگوێزرانەوە؛ شوناسی ئەم دوو کۆڵبەرە کوردە "ئیبراهیم محەممەد ڕەحیم" تەمەن ٤٠ ساڵ و " عەتا محەممەدزادە" تەمەن ٤٨ ساڵ ڕاگەیاندراوە.

٤ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی "فەرشاد میرزایی"، کوڕی "ئەسەد" خەڵکی گوندی "بلسووری سۆفلا"، سەر بە شاری خۆی، بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیم، لە لای ڕانییەوە بە توندی بریندار کراوە؛ ئەو کۆڵبەرە کوردە، بۆ چارەسەریی پزیشکی بۆ ناوەندی دەرمانیی شاری وان لە کوردستانی تورکیە ڕەوانە کراوە.

شەوی سێشەممە ٤ی بەفرانبار، کۆڵبەرێک بە ناوی "یاسین ڕەحیمی"، کوڕی ناسر، خەڵکی گوندی "بڵەسەن"، سەر بە شاری بانە، لە نێو ئاودا خنکا، کە تەرمەکەی لە لایەن کۆڵبەران و خەڵکەوە لە نێو ئاودا دۆزراوەتەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "سابیر مۆحسێنی" تەمەن ٢١ ساڵ کوڕی عومەر بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران لە سنووری شاری بانە بریندار بوو.

هەروەها لە هەمان ڕۆژدا، کۆڵبەرێکی دیکەی کورد بە ناوی "ئامانج شوکری" کوڕی تۆفیق خەڵکی نەوسوود بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری ئەو شارە بریندار کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٣ی بەفرانبار، کاروانێک لە کۆڵبەران لە شاخەکانی سنووری ناوچەی سۆمابرادۆستی ورمێ کەوتنە کەمینی هیزە نیزامییەکانی ڕێژیم و بە هۆی تەقەی ئەو هێزانە کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی "یەعقووب (کامیان) نیک سیرەت" کوڕی ڕەزاق خەڵکی گوندی "جۆجەهی" سەر بە سۆمابرادۆست گیانی لە دەست دا.

چەند ڕۆژ پێش، کاروانێک لە کۆڵبەران لە چیای "دالامپەر"، لە ناوچەی مەرگەوەری ورمێ، دەکەونە بەر تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی ڕێژیمی ئێران و لە ئاکامدا کۆڵبەرێک بە ناوی "زوبەیر ڕەحیمی"، تەمەن ٢٤ ساڵ، کوڕی عەبدولواحید بریندار دەبێت.

لەم پێوەندییەدا، ڕۆژی سێشەممە ٤ی بەفرانبار، کۆڵبەرێکی کورد، بە ناوی "فەرشاد میرزایی"، کوڕی "ئەسەد" خەڵکی گوندی "بلسووری سۆفلا"، سەر بە شاری خۆی، بە هۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران، لە لای ڕانییەوە بە توندی بریندار کراوە.

### دەسبەسەرکردن و بانگهێشت بۆ ئیتلاعاتی ڕێژیم

ڕۆژی شەممە ١ی بەفرانبار، هێزەکانی ئیتلاعات، لاوێکی کورد بە ناوی "شێرکۆ جەمشیدی" تەمەن ٢٢ ساڵ خەڵکی گوندی "سەرهۆیە" سەر بە ناوچەی ژاوەڕووی سنەیان دەسبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیاریان گواستەوە.

هەر هەمان ڕۆژ لاوێکی کورد بە ناوی "پەیمان محەممەدی" تەمەن ٢٧ ساڵە خەڵکی گوندی "ئەڵک" سەر بە شاری کامیاران لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢ی بەفرانبار، "سەلاحەدین ڕەنجبەر"، بەرپرسی کاناڵی "ئورمیە دەنگ"، پاش پەسەندکرانی حوکمەکەی لە لقی یەکی دادگای پێداچوونەوەی شاری ورمێ، بانگهێشتی بەشی جێبەجێکردنی حوکمەکەی لە دادگای ئینقلابی ورمێ کراوە و دواتر بۆ تێپەڕکردنی ماوەی حوکمەکەی دەسبەسەر کراوە و بۆ بەندی ١٣(بەندی جەوانان)ی زیندانی ناوەندیی ورمێ گوازراوەتەوە.

ڕۆژی دووشەممە ٣ی بەفرانبار، لاوێکی دیکەی کورد، بە ناوی "یەعقووب خۆسرەوی"، تەمەن ٢٣ ساڵ، خەڵکی شاری سەقز، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپای پاسدارانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی " ئەمیر بەرەکەتی"، کوڕی غولامڕەزا، خەڵکی ئیلام لە شوێنی کارەکەی خۆی، لە شەقامی فارابی، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوزراوەتەوە.

ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی " باست محەممەدی" کوڕی حەمەخان تەمەن ٣٢ ساڵ و خێزاندار خەڵکی گوندی "دەرەبەیان" سەر بە شاری پاوە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراوە.

ڕۆژی شەممە ٨ی بەفرانبار، ئیدارەی ئیتلاعاتی مەهاباد، "هەرمان وتمانی"، بەرپرسی گشتیی ماڵپەڕی "هاژە"، پژمان ئیسماعیلنژاد و پۆڵا ئاغاز" هەواڵنێرانی "هاژە"، "پەخشان قەلەندەری"، بەرپرسی ئەنجوومەنی "سەبزئەندیشانی جەوانی مەهاباد"، "فریا ڕەشئەحمەدی" و "سەیدحەسەن سەیدهادی" لە چالاکانی ژینگەپارێزی و لە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنەی بەگشتی بانگهێشت کردووە.

ڕۆژ دووشەممە ١٠ی بەفرانبار، دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی "فازڵ قەیتاسی" و "ڕەزا ئەسەدی" لە شاری کامیاران لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کراون.

ڕۆژی دووشەممە ١٠ی بەفرانبار، سێ هاووڵاتیی کوردی خەڵکی شاری کامیاران بە ناوەکانی " هادی کەمانگەر"، "فازڵ قەیتاسی" و "ڕەزا ئەسەدی" لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران. ئەو سێ هاووڵاتییە کوردە لە چالاکانی ژینگەپارێزی شاری کامیارانن.

ڕۆژی یەکشەممە ١١ی سەرماوەز، مامۆستا عەبدولباقی سەعیدی، پێشنوێژی پێشووی مزگەوتی "تەرخان ئاوا"ی بانە لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ لێپێچینەوە ڕەوانەی گرتنگەی ئیتلاعاتی بانە کرا؛ پێشتر مامۆستا عەبدولباقی بە هۆی ڕەخنە لە سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران لە پێشنوێژیی مزگەوتی تەرخان ئاوا وەلا نرابوو. مامۆستا "عەبدولباقی سەعیدی" مامۆستایەکی ئایینیی کورد و پێشنوێژی پێشووی مزگەوتی " تەرخان ئاوا" بە هۆی فشاری هێزە ئیتلاعاتییەکان بە ناچاری زێدی خۆی بەجێهێشت.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی بەفرانبار، فەرهاد محەممەدی، پارێزەری پلە یەکی دادگوستەری پاش بانگهێشت بۆ ستادی خەبەری ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە دەسبەسەر و بۆ گرتنگەی ئەو ئیدارەیە ڕاگوێزرا. بە وتەی سەرچاوەیەکی ئاگادار، لە ماوەی ڕابردوودا ئەو پارێزەرە کوردە چەندین جار بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بانگهێشت و لەبارەی چالاکییەکانی لێپێچینەوە لێکرابوو.

ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد، بە ناوی "سوهراب ڕەخشا" دانیشتووی شاری ورمێ، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوو، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی "محەممەد ڕەزایی" تەمەن ٣٢ ساڵ، کوڕی خەلیل خەڵکی شاری کامیاران لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراوە.

چەند ڕۆژ پێش، دوو هاووڵاتیی کورد، بە ناوەکانی "بێهزاد شەهسەوار کوڕی میکائیل و سیامەند شەهسەوار کوڕی مستەفا"، خەڵکی دزەی مەرگەوەڕ لە گومرۆکی حاجی عومەران دەسبەسەر کران و بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی ورمێ ڕاگوێزران. سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوبارەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: "مەئموورانی بەشی حەراسەتی گومرۆکی حاجی عومەران، لە کاتی پشکنینی موبایلی ئەو دوو هاووڵاتییە کوردە، دەسبەسەریان کردوون".

لە ماوەی یەک حەوتووی ڕابردوودا، "ئەنسار ئەدوایی"، "فەردین ئەدوایی"، "زانیار مورادی" و "حەمید ئەحمەدی"، خەڵکی گوندەکانی "سلێن و دەگاگا"، لە ناوچەی هەورامانی سەر بە سەوڵاوا، کە لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانی سەر بە ئیتلاعاتی سپاوە دەسبەسەر کرابوون، بە شێوەی کاتی لە گرتووخانەی ئیتلاعاتی سپای مەریوان ئازاد کران.

ڕۆژی پێنجشەممە، ٢٢ی سەرماوەز، "زانیار مورادی"، لە شوێنی کارەکەی خۆی لە شارەکی سەنعەتی مەریوان، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا؛ هەر لەو ڕۆژەدا "حەمید ئەحمەدی"، لە مەریوانیش لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٥ی سەرماوەزیش، "ئەنسار ئەدوایی"، تەمەن ٢٧ ساڵ و "فەردین ئەدوایی"، تەمەن ٢٤ ساڵ، بەبێ مۆڵەتی یاسایی، لە لایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

لەلایەکی دیکەشەوە، ماوەیەک پێش ئێستا، "تاهێرسۆفی" تەمەن ٣٦ ساڵ خەڵکی گوندی "گەرگوولی خوار"،سەر بە شاری پیرانشار بە بارمتەی ٥٠٠ میلیۆنی تا کاتی دادگایی کردنی بە شێوەی کاتی ئازاد کراوە.

### قوربانیی مین

ڕۆژی پێنجشەممە ٦ی بەفرانبار، هەواڵدەرییە حکوومەتییەکان ڕایانگەیاند، کە بە هۆی تەقینەوەی مین، لە ناوچەی "ساڵحاوا"، سەر بە شاری مێهران، شوانێک بە توندی بریندار بووە.

ڕۆژی یەکشەممە ٢ی بەفرانبار ، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی " ڕوحوڵڵا پاریاب" تەمەن ٤٧ ساڵە شۆفیری لۆدێری ناوەندی پاککەرەوەی مینی ئێران، بە هۆی تەقینەوەی مینی دژەتانکی M١٩ بە توندی بریندار بوو.

ئەو هاووڵاتییە ڕوخساری بە توندی بریندار و تووشی مەوج گرتوویی بووە کە دواتر بۆ نەخۆشخانەی "گەنجەویان"ـی شاری دێزفوول ڕاگوێزراوە. ڕوحوڵڵا پاریاب لە کارتی شۆفێریدا تووشی ئەو ڕووداوە بووە.

ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی بەفرانبار، لاوێکی تەمەن ٣٤ ساڵ، لە ناوچەی دەشتی "عەباس"، لە گوندی "ئیستقلال"، سەر بە شاری دێهلۆران، بە هۆی مینێکی بەجێماوی سەردەمی شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق بە توندی بریندار بوو. ئەو لاوە ٣٤ ساڵەیە، دوای بەڕێکردنی بۆ ناوەندێکی دەرمانیی دێهستانی دەشتی "عەباس"، لە لایەن پێرسۆنێلی ئۆرژانس، بۆ چارەسەریی پزیشکی، بۆ نەخۆشخانەی "گەنجەویان"ـی شاری دێزفول ڕاگوێزراوە.

### خۆکوژی و ئێعدام

ڕۆژی دووشەممە ٣ی بەفرانبار، لاوێکی کورد، بە ناوی "ئارمین ڕۆستەمیان"، تەمەن ١٤ ساڵە، خەڵکی شاری مەریوان، بە هۆکاری نادیار کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی بەفرانبار، لاوێکی کورد بە ناوی "کیان مەعروفی"، تەمەن ١٩ ساڵە، کوڕی ناسر، خۆی کوشتووە.

ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی بەفرانبار، ئەم زیندانییە هاوکات لە گەڵ دوو زیندانیی دیکە بە ناوەکانی " چەنگیز ئێرانی" لە بەندی ١ی ڕەوان دەرمانی و " پژمان پیری" لە بەندی ٤.٣ ی گشتی گوازرانەوە بۆ بەندی تاکەکەسی، کە ئەم دوو زیندانییە بە وەرگرتنی ڕەزایەت لە بنەماڵەی قوربانیان گەڕێندرانەوە بۆ بەندی گشتی.

سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەممە، ١٠ی بەفرانبار، زیندانییەک بە ناوی "زەمان ڕەزایی"، تەمەن ٦٢ ساڵ، کوڕی ستار، خەڵکی میاندواو لە بەندی ١ی ڕەوان دەرمانیی زیندانی ناوەندیی ورمێ بە تۆمەتی " کوشتنی بەئەنقەست" لەسێدارە درا.